نەجات روستی

# دیمانەی رۆژنامەنووسی

رۆژنامە

تەلەفزیۆن

رادیۆ

دیمانەی رۆژنامەنووسی



چاپی یەکەم
سلێمانی 2008

نەجات روستی
دیمانەی رۆژنامەنووسی
چاپی یەکەم/سلێمانی
دیمانەی رۆژنامەنووسی



– نەجات مستەفا روستی
لەدایك بووی 1972
دەرچووی بەشی رۆژنامەنووسی
پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی
– دەرچووی بەشی راگەیاندنی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی
زانکۆی سلێمانی 2005 .
لەکاری رۆژنامەنووسیدا
سەرنوسەروبەڕێوەبەری نووسین
وجێگری سەرنووسەر و بەرپرسی
لاپەرە بووە .
لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی
کوردستان و ماڵپەڕەکانی
ئینتەرنێت بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
ئێستا مامۆستای بەشی
رۆژنامەنووسی پەیمانگای
تەکنیکی سلێمانی و
سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەوان)ە.

# دیمانەی رۆژنامەنوسی

**رۆژنامەتە، لەفزیۆن، رادیۆ**

**نەجات روستی**

**چاپی یەکەم**

**سلێمانی ٢٠٠٨**



- دیمانەی رۆژنامەنووسی
- نووسەر:نەجات روستی
- بابەت: رۆژنامەنووسی
- تیراژ:١٠٠٠
- تایپ:خەندە کەمال
- چاپ: چاپخانەی بینایی
- ژمارەی سپاردن وەزارەتی رۆشنبیری( ٥٦٦ ) ساڵی٢٠٠٨
- نرخ:٢٠٠٠دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی
- لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری رۆژنامەوان
- najatrosty@yahoo.com

## پێشکەشە:..

– بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی

– بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی

– گیانی پاکی خوالێخۆشبوو دکتۆر فاروق عەلی عومەر

– هەموو مامۆستایانم لە هەموو قوناغەکانی خویندنم



# ناوەروك


– سەرەنیا ٣

– چەمکی دیمانەی رۆژنامەنووسی ٧

– دابەشکردنی دیمانە بەپێی شوێن و شێوازی ئەنجامدانی ١١

– بنەماکانی هەڵبژاردنی بابەتی دیمانە ٢٠

– ئەو پرەنسیپانەی کە دیمانەی لەسەر بنیاد ئەنرێ ٢١

– ئامانجی دیمانە ٢٣

– رۆژنامە نووس چی ئامادە دەکات ٢٤

– ڕێنمایی و بنەماکانی ئاڕاستەکردنی پرسیارو بەڕێوەبردنی ٢٥

– داڕشتنی پرسیار ٢٨

– تایبەتمەندییەکانی پرسیار ٣٠

– هەڵسەنگاندنی دیمانە ٣٦

– دیمانە لەڕۆژنامە و ڕادیۆ ٣٩

– هەندێك ڕێگای پێشنیار کراو بۆ کۆتایی هێنان بە دیمانە ٤٨

– ئامۆژگاری بۆئەو کەسانەی دیمانەی رۆژنامەنووسی ئەکەن ٥٠

– سێ نموونەی دیمانەی جیاواز ٥٣

# سەرەتا

دیمانەی ڕۆژنامەنووسی بە (وتوێژی ڕۆژنامەنووسی، دیدار ،چاوپێکەوتن، هاڤپەیڤین) ..ناودەبرێ لە هەموو بارێکدا هونەرێکی ڕۆژنامەنووسییەو بریتییە لە دیالۆگ و وتووێژی نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەك. بە مەبەستی دەستکەوتنی هەواڵ یا زانیاری نوێ بێ یا ڕاڤەکردنی تێڕوانینێکی دیاریکراو،یا وێنەگرتنی لایەنێکی نائاسایی یا نامۆ یا خۆش ...هتد. سەرەڕای ئەوەی کە دیداری ڕۆژنامەنووسی خۆی لە خۆیدا هونەرێکی سەربەخۆیە، بەڵام هاوکات ئامڕازێکی دەستخستنی هەواڵ یا بەشێکی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی دەبێ، سەرباری جیاوازی ڕوون و ئاشکرای نێوان ئەو دیدارەی بەم مەبەستە سازدەکرێ و ئەو دیدارەی هەر تەنها بە مەبەستی دیالۆگە... لە باری یەکەمدا زیاتر چاو دەبڕرێتە ناوەڕۆکی ڕووداوەکەو لە حاڵەتی دووەمیشدا لە هۆکارەکانی ڕووداو دەکۆڵرێتەوە.

دیمانەی ڕۆژنامەنووسی گرنگترین هونەری ڕۆژنامەنووسییەو، ڕۆژنامەنووسی وریاو بە سەلیقە دەتوانێ هەر زانیارییەکی دەست بکەوێت کە پێویستی پێی بێت و، هەروەها پێوەندی باش لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا ببەستێ. زۆر لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی گەر هەمووی نەڵێن بەشێکی بە دیدارو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی جێبەجێ دەبێت، چونکە دەستخستنی هەواڵ و زانیاری و بیروڕاو



نووسینی ڕێپۆرتاژ بە دیدارو دیمانەی ڕۆژنامەنووسی دەبێت. نووسەری بە تواناو لێهاتوو لەم بوارەدا مەرجە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانیاری هەبێت و بە ئاگا بێت و، ئەو توانایەی هەبێ لە بەرانبەرەکەی بگات و پرسیاری گونجاو بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان دابرێژێ و، هەروەها چۆن وتووێژ دەکات و باش گوێ قولاغ بێ و چاودێری هەر جوڵەیەکی بەرانبەرەکەی بکات و بە باشی وەڵام بداتەوە و هەر شتێك پێویست بکات لای خۆی تۆماری بکات... هەر لەبەر ئەوەیشە تا چەند دیداری ڕۆژنامەنوسی کارێکی دژوارو سەختەو ئەوەندەیش پێویست بە پلاندانان و ڕاوتەگبیر بۆ کردن دەکات، بە جۆرێ زۆر ڕۆژنامەنووس دەربەستی نەیەن و نەتوانن بچنە ژێر ئەو بارەوە.

لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی فراوان چۆنیەتی ئەنجامدانی دیمانەی ڕۆژنامەنووسیم باسکردووە ،پشت ئەستور بە چەندین سەرچاوەی بەسوود لەم بوارەدا.لە بەشی کۆتایی (٣) جۆری دیمانەم خستۆتە روو بۆئەوەی خوێنەر بتوانی بە شێوەی پراکتیکی دیمانەی ڕۆژنامونووسی ببینیت.

**نەجات روستی**

**سلێمانی ٢٠٠٨/٣/**

## چەمکی دیمانەی ڕۆژنامەنووسی

**دیمانەی ڕۆژنامەنوسی ، چەندین پێناسەی جیا لە خۆ دەگرێت ، لە بنچینەدا ووشەیەکی فەرەنسی یە، هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسی بەمانای دانیشتنێك لەگەڵ کەسایەتی یەکی سیاسی ،هونەری، وەرزشی ، مللیی، هتد . بەمەبەستی دیالۆگ و دەستکەوتنی زانیاری هەواڵ و زانیاری وجگە لەوەش ڕاوبۆچوونی کەسە پسپۆڕ وشارەزا و دیارەکانی پێ ئەگات ودەتوانین ئێمەش ڕووداوەکان هەڵبسەنگێنین هەروها.بەکاردێت بۆبە ئاگابوونی کۆمەڵ لە ڕاستی و جەوهەری ڕووداوەکان کەجێگای بایەخی زۆرینەی خەلکە .**

**پێناسەی زۆر بۆ دیمانە کراوە هەر توێژەرێك لە گۆشە نیگای خۆیەوە پێناسەیەکی بۆ دەکات. (پەیوەندیەکی کۆمەلأیەتی یە،بە مەبەستی تاوتویٚ کردنی بابەتێك لەلایەن ڕۆژنامە نووسێکەوە لەگەڵ کەسایەتیەك یان زیاتردەبەستریٚ بۆ مەبەستی زانیاری کە گرنگی یەکی کۆمەلأیەتی هەیە و ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت).یان (دیمانە جۆرێکە لە هەواڵگیری ڕاستەو خۆ کە بەهۆیەوە بیرو ڕای کەسایەتییە گرنگەکانی کۆمەڵگا یان ئەندێشەی خەڵکی کوچەو بازاڕ لەبارەی**



**بابەتە جیاجیاکانی ڕۆژەوە دەست دەکەوێت.لە زمانی کوردیدا گەلێ جار بە(دیدار،هەڤپەیڤین،ووتو وێژ،دیمانە، ناو دەبرێت)**

**دیارە هەموو دیمانەیێك کە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی هەواڵی هەنووکەییە، لە روداوە گرنگەکاندا خۆی دەبینێتەوە.بە تایبەتی ئەو روداوانەی کە جێی قسەو باسی خەڵکە.**

**دیمانە هونەرێکە پابەندی دیالۆگە لەنێوان ڕۆژنامە نووس و ئەو کەسایەتیانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتی دیمانەکەوە.**

**دیمانە وەکو هەموو ژانەرە رۆژنامەنوسیەکان ، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە ،ئەم ژانەرە لە بنەڕەتدا کارێکی هەواڵگیری لەخۆ دەگرێت،لەم سەردەمەدا گۆڕاو بوو،بە تاقیکردنەوەیەك، بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوە. لەلایەکی تریش بەرێگایەك بۆ پیشاندانی بیرو بۆچوونەکان و هەڵوێستەکان و ئاڕاستەکانی ئەو کەسایەتیە و دواجار بوو، بەیەکێك لە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە .**

**ئەو ڕۆژنامە نووسەی کە دیمانەکە ئەنجام ئەدات کۆمەڵێك پرسیار بۆ کەسی بەرامبەر ئامادە دەکات دواتر لە کاتیگفتوگۆ کۆمەلی پرسیاری تر دینەپێشەوە لە کەسی بەرامبەری دەکات (مەبەست ئەو کەسەییە کە دیمانەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت).کارێکی ئاساییە کە چەند ڕۆژنامە نووسێك پرسیار ئاڕاستەیکەسێك یان و چەند کەسایەتییەك بکەن وەڵام بدەنەوە.کەواتە دیمانە گفتوگۆیەکە لەنێوان دوولایەندا بە ئاڕاستە کردنی پرسیارو وەڵامدانەوەی لەلایەن کەسی یەکەمەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە بری جەماوەر یان ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەبری جەماوەر. لەبەر ڕۆشنایی ئەم**

چەند پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێ کە(دیمانە ژانەرێکی ڕۆژنامەنوسی هەواڵی یە ،کە ڕۆژنامە نووسێکی بە توانا ئەنجامی ئەدا ،لەگەڵ کەسایەتییەکی ناودار یان بەرپرسێك (هەندێ جار کەسێکی ئاسایی) لەبارەی ڕووداوێکی هەنووکەیی یان دەربارەی (ژیان و کارەکانی و بۆچونەکانی خودی کەسایەتییەکە) بۆ ئاشنا کردنی جەماوەر بەو زانیاری و ڕاو گۆشەنیگایانەو پێشکەشکردنی شیکردنەوە لە ڕێگەی گفتو گۆیەکی زیندوو ڕاستەوخۆ و پێشکەوتو کە یارمەتی جەماوەر دەدات بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان .

کە مەبەست لێی جێبەجی ٘کردنی ئامانجێکی دیاری کراوە.

*مەبەست:دیمانەی ڕۆژنامەنوسی جیاوازە لە پەیوەندی ئاسایی چونکە دیمانە چالاکییەکی مەبەستدارە .هەر دیمانەییەکیش ئامانجێکی لە پشتەوەیە کە هەوڵ دەدات جێبەجێ ی بکات . کاردەکات بۆ بەئەنجام دانی ئەم کارەو دیاریکردنی قۆناغەکانی .

*،**کەسی سێیەم**:ئامادەبوونی کەسی سێهەم لە دیمانەی ڕۆژنامەنوسی دا کارێکی گرنگە و دەبێتە هۆی سەرکەوتنی دیدارەکە .ڕاستە دیمانەی ڕۆژنامەنوسی لە نێوان ڕۆژنامەنووسەکە و میوانەکەدا ئەنجام دەدرێت .بەڵام ڕۆژنامەنووس نوێنەری جەماوەرە واتە کەسی سێیەمە کە (خوێنەر)ە .

***ڕێڕەوی گشتی**:دیمانەی ڕۆژنامەنوسی لە کاتێکی دیاریکراو لە نێوان ڕووداوو گۆڕانکاریەکاندا بۆ جێ بەجێ کردن و تێرکردنی ویستی دیاری کراوە .لەبەرئەوە ناکرێ دیمانە بە دابڕاوی ئەنجام بدرێت



بەڵکو دەبێت دیمانەکە بکەوێتە ژێر کاریگەری (ڕێڕەوی گشتی ) و هەوڵ بدات کاریگەری بخاتەسەر .

***مەعریفە**: دیمانە پەیوەستە بە ئاگادار بوون و زانست.دیمانە لەسەرەتادا تەنها ڕۆڵی ناوەندێك.دەبینی، بۆ گواستنەوەی زانیاری.بەڵام لەئێستادا ئەو ڕۆڵەی گۆڕاوە بۆ خولقێنەری کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ سوود وەرگرتن لەو زانیاریانە.هەروەها دیمانە دەتوانێ هۆیەك بێت بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لەو ڕووداوو دیاردانەی کە گفتو گۆکان لەربارەیەوە دەدوێن. گۆڕینەوەی ڕاو زانیاری لە کاتی گفتو گۆکردن دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی ئاستێکی زانستی بەرزتر لەوەی تەنها لایەنێ بەئەنجامی بگەیەنێت.

* **گفتوگۆ**:دیارە ناتوانرێ بەهەموو گفتوگۆیەك بوترێ گفتوگۆی ڕۆژنامەنوسی. ئەگەر بێت و سەرەکی ترین شت لەو دیمانەدا بەرجەستە نەبێ کە بریتیە: لە ڕوونکردنەوە و پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕاستیەکان .ئەم شێوازەی دیمانە، لەڕێگەی دایلۆگ و گفتوگۆکردن لەنێوان دووکەسی سەربەخۆ ئەنجام ئەدرێت.

***هێزی ئامادەیی**: دیمانە هەوڵی ئەوە ئەدات هێزی ئامادەیی دیالۆگ لای ڕۆژنامەنووس پتەوبکات .واتە وا لەڕۆژنامەنووس دەکات ،بزانێ چی بڵێت ؟هەروەها هێزی ئامادەیی ئەو کەسەی کەدیمانەکەی لەگەڵ ئەنجام ئەدەین .

*،دیمانەی ڕۆژنامەنوسی هونەرە یان زانستە:ڕۆژنامە نووسی و هونەرەکانی زانست و هونەرە.هەروها تیۆرو یاساو بەهرەیە .دیارە ناتوانرێ بوترێ دیمانە بەهرەیەو ناکرێت کەسێك فێری ببێت .واتە

ناتوانین بەسنورێکی تەسکدا ببیبەسینەوە .کەواتە دیمانە ئەو ژانرەیە کە مەرجی ئەنجام دانی ئەوەیە کەکەسەکە بەهرەدار بێت .

*__بوارەکانی دیمانە__ :دەکرێت دیمانە لەچەند بوارێکدا بکرێت.

**ا- بۆڕونکردنەوەی ڕووداو کێشە ئاڵۆزەکان یان زانیاری پیشاندان دەربارەی دیاردەیەکی نادیار .**

**ب- بۆبڵاوبونەوەی یاساو بڕیارو هەڵوێست بەشێوەیەکی فراوان.**

**ج- بۆ گۆڕینەوەی بیرو ڕاو ئەزموون دەربارەی کێشەکان .**

**د- بۆ سوود وەرگرتن لەو کەسایەتیانەی کە جێگای باوەڕو متمانەی خەڵکن و جەماوەریان زۆرە.**

**دابەشکردنی دیمانە بە پێی شوێن و شێوازی ئە نجامدانی بەم شێوەییەی خوارەوە :**

١-دیمانە لەڕێگەی تەلەفۆن:ئەم ڕێگە لە کاتی پێویست و ناچاریدا بەکاردێت زۆر بە پەلەو کاریگەرە تێچوونی کەمە،ئەم دیمانە بۆ ئەو بابەتانە ئەنجام دەدرێت کە هەستیارن،ئەم ڕێگەیە زۆرگرنگە ، چونکە کەسایەتی یەکە هەست بە هەڕەشە ناکات و بە متمانەیەکی زیاتر قسە دەکات و جگە لەوەش پێویست بە خۆئامادەکرنی زۆر ناکات لەلایەن کەسایەتییەکە و ڕۆژنامە نووسەکەشەوە .

٢-دیمانە لەناو ستیۆدیۆدا:ئەم ڕێگە شێوازێکی کۆنەو پێویستی بەوە هەیە ڕۆژنامەنووس خۆی ئامادە بکات .لێرەدا هەڵبژاردنی کەسایەتی و میوانداری کردنی بۆ ناو ستیۆدیۆ گرنگی تایبەتی هەیە ئەم چاوپێکەوتنە بۆ تەلەفزیۆن و رادیۆیەکان دەبێت .



٣-دیمانەی مەیدانی:ئەم جۆرە دیمانەیە کە سروشتێکی ڕاستگۆیی و کاریگەری هەیە لەسەر جەماوەر چونکە ئەم دیمانە لە شوێنی ڕووداوەکە ئەنجام دەدرێت .یان لە شوێنی تایبەت بە ژیانی کەسایەتیەکە یان شوێنی کارەکەی ئەنجام ئەدرێ.ئە جۆرە دیمانەکە دوورە لە (تەمسیل)کردن.

**٤- دیمانە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە:**بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە ڕۆژنامە نووس دەتوانی لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە دیمانەی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدات.بەلاّم پێویستی بە توانایەکی زۆری ڕۆژنامە نووسەکە هەیە ،هەر لە توانایی قسەکردن و مامەڵە کردن و هەلسوکەوتکردن . هەروەها پێویستە ڕۆژنامە نووسەکە بەئاگا بێت لە ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان .هەروەها توانایەکی باشی هەبێت بۆ بەڕێوە بردنی دیمانە فرە بابەتەکان .ئەم دیمانە سروشتێکی بەپەلەی پێوە دیارە .زۆر جار پرسیارەکان داخراون.

**دیمانەی تەلەفزیۆنی هەواڵی:**

ئەو دیمانە کورت وبەپەلەیە، کە لەسەر شێوازی هەڕەمی هەڵگەڕاوە ئامادە دەکرێت بە پرسیارێکی سەرەکی دەست پێدەکات .ئەم جۆرە دیمانە بە دەگمەن بە تەنیا پێشکەش دەکرێ،بەڵکو لە چوارچێوەی (هەوالەکان،ڕێپۆرتاژ،دیکومێنت)پیشان ئەدرێ.بە دوو قۆناغ ئەنجام ئەدرێ،یەکەمیان پێش وێنە گرتن و دووەمیان: لەبەردەم کامێرا ڕۆژنامە نووس پرسیارەکانی ئاراستە دەکات .

**ا-دیداری وەرگرتنی زانیاری:**واتە کەسایەتییەکە دەبێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ ڕۆژنامە نووس و بینەر.

ب- **دیداری کۆکردنەوەی زانیاری** :مەبەست لەم جۆرە دیدارە جگە لە کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ ڕووداوو ڕا کۆکردنەوە و هەست و پەرچە کردارە.

ج- **دیداری هەواڵی ڕاستەو خۆ:**

ئەم جۆرە دیمانەیە بۆ هەواڵی بە پەلە دەکرێت، ڕاستەو خۆ بۆ ڕووداوێك. بە گشتی سروشتێکی بەپەلەی پێوە دیارە و ژمارەیەکی زۆر پرسیار ئاڕاستەی کەسایەتییەکە دەکرێت.پرسیارەکان دخراون و پێویستیان بە وەڵامی کورتە .

د- **دیمانەی هەواڵی نا ئاڕاستە کراو:**

لەم جۆرە دیمانەیەدا پرسیاری کراوە ئاڕاستەی کەسایەتییەکە دەکرێت.ئەم جۆرە دیدارە زیاتر بۆ مەبەستی پۆشینی ڕووداوێکە بەڵام ڕێگە ئەدریٚ بە سەرچاوەکە کە زانیاری تازە بدات.

ه- **دیمانەی پرۆژە**:واتە کۆکردنەوەی زانیاری لەچەند کەسێك یان (لایەنێك)بەپێی پرۆژەیەکی نەخشە بۆ کێشەکەو بۆ دروستکردنی بابەتێکی تەواو ڕونکردنەوەی زیاتری ڕووداوەکە .

و- **دیمانە لەگەڵ شایە تحال**:واتە ئامادەکردنی چیرۆکە هەواڵێك یان ڕاپۆرتێك بە ئاڕاستە کردنی چەند پرسیارێکی زۆر لەکەسێك کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە بێت .لێرەدا تەنها ڕۆژنامەنووس مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری نی یە ،بەڵکو دەست کەوتنی تێبینی و ڕاو بۆچوون و هەلسەنگاندنی کەسایەتی یەکەی لەلاگرنگە.



**دیمانەی بابەت :**

ئەوجۆرە چاو پێکەوتنەیە کە ڕۆژنامەنووس لەگەڵ کەسایەتی یەك یان چەند کەسایەتی یەك ئەنجامی دەدات.دەربارەی بابەتێك یان ڕوداوێك یان کێشەیەك ، ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەو خستنە ڕوی لایەنەکانی هەندیٚ جار ئەم دیمانە هەڵوێستی تایبەتی تێدایە .

دیارە دیمانەی بابەتی کرنگ و جێی بایەخی زۆرینەی خەڵکە.

**دیمانەی کەسایەتی:**

ئەو دیدارەیە کە لەکەڵ کەسایەتی یەکی (ناودار -ڕاهێنەر -بەرپرس - پسپۆڕ.......هتد) ئەنجام ئەدریٚ، بەمەبەستی ئاشناکردنی جەماوەر بە هە ڵوێست و راوبۆچونەکانی بەرامبەر کێشەو ڕووداو دیاری دەکات .

ئەم کەسایەتی یە لایەنێکی گرنگی دیمانە کە پێك دێنێت .لێرەدا ڕووداو دیاری کردن گرنگ نین بەڵکو ڕای کەسایە تی یەکە بەرامبەر ڕووداوەکان و شیکردنەوەی دیاردەکان گرنگە .

**تاییە تمەندیە کانی دیمانەی کەسایەتی** :

١-ماوەی ئەم جۆرە دیمانەیە لە نێوان (١٥-١٢٠)خولەك دەبێت هەندیٚ جار درێژ تریشە، بۆ نموونە :(دیمانە لەگەڵ محمد حسین هیکل ١٠ کاتژمێربوو )

٢-ئەم جۆرە ديمانەيە پێويستی بەكەسايەتی يەكی ناودار و جەماوەريی بەتوانا هەيە .پێويستە كەسايەتی يەكە خاوەن ئەزموون بێت لەبواری پەيوەندی كردن .

٣-لەم جۆرە ديمانەيە زۆر جار هەڵوێست بەرامبەر كەسايەتی يەكە پۆزەتيف دەبێت بۆ نموونە تەنها هەڵبژاردنی كەسايەتی يەكە، خۆی لە خۆيدا ئاماژە يەكی پۆزەتيفە لەلای ڕۆژنامە نووسەكە .بۆيە لەم ديمانەدا پرسياری (نائاسايی) ناكرێت و هێرش و گرژی كەم بەدی دەكرێ.

٤-بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە ديمانەيە پێويستی بە ڕۆژنامەنووسی بەتوانا هەيە. هەروەها ئەبێ توانايە كی باشی هەبێت لە ئەنجام دانی ديمانەی ڕاستەوخۆو زيندو سە رنج ڕاكێش و دروست كردنی پەيوەندی لەنێوان ميوانەكەو جەماوەردا .

**جۆرەكانی كەسايەتی بۆ ديمانە :**

ڕۆژنامە نووس لەكاتی ئەنجامدانی ديمانەدا و مامەڵە كردن لەگەڵ كەسايەتييەكاندا ڕووبەڕووی چەندين جۆر كەسايەتی دەبێتەوە، كە جياوازن لەيەكترلەوانە:-

١-**كەسايەتی چەنەبازو زۆربلێ**:

ئەو كەسايەتيەيە كە هاوكاری ڕۆژنامە نووس دەكات بۆ ئەنجامدانی ديمانەكە و ئارەزوويەتی كە دەربكەوێت.ئەم جۆرە كەسايەتييە هەست بەگرنگی و بەنرخی خۆی دەكات كاتێ لەلايەن ڕۆژنامە نووسەوە داوای ديمانەی لێدەكرێت.



بەلاّم لايەنی خراپی ئەم جۆرە كەسايەتييە، ئەوەيە كە هەندێ جار لە بابەتە سەرەكييەكە لادەدات و قسە لە شتێك دەكات كەپەيوەندی بە بابەتەكەوە نييە.بۆيە پێويستە ڕۆژنامە نووس ئاگاداری ئەم لايەنە بێت و هەركاتێ هەستی بەوە كرد كە لەتەوەرەی باسە دەرچووە زۆر بەڕێزو حورمەتەوە بيگەڕێنێتەوە سەر بابەتە بنەڕەتيەكە.

٢-**كەسايەتی ڕاڕاو دوودڵ**:

ئەو كەسايەتيانەن ،كە ڕازين بۆ ڕۆژنامە بدوێن بەلاّم ،لەبەر هەرهۆيەك بێت دوودڵ و ڕاڕان.ڕۆژنامە نووس دەبێت كەسايەتييەكە ئاگادار بكاتەوە، لە گرنگی ديمانەكەی و بايەخی قسەكانی لە لای بينەر بۆئەوەی ديمانەكەی بەڕێوە بچێت.

٣-**كەسايەتی هەڵهاتوو:**

سەختترين جۆری كەسايەتين،متمانە بەكەس ناكەن و بەئاسانی بۆ ڕۆژنامە نووس نادوێن .ڕۆژنامە نووس پێويستە بەوپەڕی زيرەكی و دان بەخۆدا گرتنەوە، هەڵسو كەوت لەگەڵ ئەم جۆرە كەسايەتيە بكات ،و بير لەكەسێك بكاتەوە ،كەبتوانێ كاريگەری لەسەر ئەم كەسايەتييە دروست بكات بۆ ئەنجامدانی ديمانەكەی.

**ئامادە كردنی ديمانە بەچەند قۆناغێكدا دەڕوات :**

ديارە سەركەوتوويی ڕۆژنامەنووس لەكاتی ئەنجامدانی ديمانە دا دەكەوێتە سەر شارەزايی قوڵی لێهاتوويی و ڕۆشنبيری گشتی و ئاگاداری ڕۆژنامە نووسەكە لەسەر بابەتی ديمانەكە و ئەو زانياريانەی كە كۆی كردۆتەوە لەسەر كەسايەتی ميوان:

**١-وەرگرتنی ژوانی دیمانە:**

واتە هەرکاتێ ڕۆژنامە نووس بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی دۆزییەو، بەپێویستی زانی دیمانەی‌لەسەر بکرێ، لەگەڵ کەسێکی گرنگی ناوخۆیی یان دەوڵەتی، ئەوا پێویستە بیر لە وادەیەك بکاتەوە بۆیەپێویستە ڕۆژنامەنووس بە زمانێکی خۆش و ووشەی شیرین و کۆمەڵە ووشەیەکی شایستەو گونجاوە پرسیارەکانی ئاڕاستە بکات،بۆ ئەوەی وەلأمی پۆزەتیڤ وەربگرێتەوە.

**٢-دیاریکردنی بابەتی دیمانە :**

واتە کۆکردنەوەی زانیاری تەواو دەربارەی بابەتی دیمانە . واتە ئەو بابەتە چییە ؟ کە گفتو گۆی لەسەر دەکرێت .واتە ڕۆژنامە نووس دەتوانێت زانیاری قوڵ وەربگرێت دەربارەی بابەتەکە لە ڕێی (ئەرشیف،سەرچاوە،کتێب،فەرهەنگ..............هتد..)

ڕۆژنامە نووس دەبێت بزانێ دوای چی بابەتێك کەوتووە و چی لە لایەنی بەرامبەر چاوەڕوان دەکات.واتە ئەگەر ڕۆژنامە نووس نەزانێ مەبەست چییە؟و بە نائاگایی و نەشارەزایی بچێتە بەردەم کەسی میوان وبینەرەوە ،بەهیچ جۆرێك لە کارەکەی سەرکەتوو نابێت. هەروەها ئەو زانیاریانەش کە بەدەستی دێنێت کەم بایەخ و بێ مانا دەردەچن.

**٣- ئامادە کردنی پرسیارەکان:**

ڕۆژنامە نووس پێویستە پێش ئەنجامدانی دیمانەکەی پرسیارەکان ئامادە بکات .دیارە هەندێ پرسیاریش لەکاتی وەلأمدانەوەی پرسیارەکانەوە دێنە ئاراوە.واتە مەرج نییە، ڕۆژنامەنووس هەموو



پرسیارەکان پێشتر ئامادە بکات جگە لەو پرسیارانەی کە دەبنە تەوەرەی باسەکە.

**٤- ڕاشکاوی پرسیار:**

ڕۆژنامە نووس پێویستە پرسیارەکانی ئاشکراو ڕوون بێت و ڕاشکاوانە پرسیارەکان ئاڕاستە بکات.چونکە ئەگەر بێت و پرسیارەکان شاراوەو تاریك بن ئەوا کەسی بەرامبەریش وەلأمی شاراوە و تاریك ئەداتەوەو ناتوانێ زانیاری تەواو لەسەر بابەتەکە ببەخشێ بە بینەریان وەرگر.بەلأم تاوەکو پرسیارەکان سادەو ڕوون بێت ئەوا توانای هەلأتن لە وەلأمدانەوەی ڕاشکاو و دژوار ئەبێت و کەسایەتییەکەش ناچار دەبێت وەلأمی سەرجەم پرسیارەکان بەتەواوی بداتەوە.

**٥-خوێندنەوەی پێشووی بابەتەکە:**

ڕۆژنامە نووس پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی ووردی ئەو بابەتە بکات کە دەیەوێت دیمانەی لەسەر ساز بدات. دیارە لێکۆڵینەوەی ووردی پێش وەختی بابەتەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامە نووس بە شارەزاییەکی زیاترەوە ڕووبەڕوی دیمانەکەو بینەرو کەسایەتییەکەش ببێتەوە و دیمانەکەش سەرکەوتوتر دەبێت.بە پێچەوانەشەوە ئەو ڕۆژنامە نووسەی کەهیچ شارەزاییەکی لەسەر بابەتەکە نییە،ناتوانێ بە ڕاددەیەك سەرکەوتو بێت .کە جێ ی سەرنجی بینەر و کەسی میوانیش بێت.

**٦-ڕێکخستنی بابەتەکان :**

ڕۆژنامە نووس نابێت ئەو بابەتەی کە دەیکاتە تەوەرەی باسەکەی کاری لێبکات ،بەڵکو دەبێت بایەخی بزانێ وکەلکی لێوەرگرێ.

لەسەر ڕۆژنامەنوس پێویستە، هەوڵبدات کە دیمانەکەی بەشێوەیەکی مەنتقی ڕێك بخات و ڕەچاوی ئامانجە شەخسییەکانی بکات و بەو پێیە پرسیارەکانی ڕێك بخات.پێویستە ڕۆژنامە نووس پرسیارەکانی بەو جۆرە ڕێك بخات کە دەکرێت کەسایەتیەکە وەڵامیان بداتەوە.

**٧-ناسینی کەسایەتیەکە بۆ دیمانە**:

واتە خۆ ئامادە کردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کەسایەتیکە لەسەر دوو ئاست:

ا- ئاستی کەسی :واتە کۆکردنەوەی زانیاری، لەسەر ژیانی کەسایەتیەکە و ئاستی خوێندن و پیشەو خولیاکانی و ...

ب-لایەنی بابەتی گشتی: واتە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەڵوێستی کەسایەتیەکە و تێڕوانینی دەربارەی بابەتی گفتوگۆکە.

ئەم دوو لایەنە زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی دیمانە ،چونکە ئەو زانیاری و ڕاو بۆچوونانە توانایەکی گەورەو زیندوویێتی یەك ئەبەخشێ بە دیمانەکە .بۆیە پێویستە ڕۆژنامە نووس زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات لەگەڵ ئەو دوو فاکتەرەبکات.هەوڵ بدات زۆرترین زانیاری کۆبکاتەوە .



ناسینی کەسایەتی میوان بۆ دیمانە و دیراسەکردنی کەسایەتییەکەو شارەزایی لە تایبەتمەندییەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی ،کە دیمانەکە بە ڕێگەیەکی گونجاودا بڕوات.پێویستە ڕۆژنامە نووسەکە پێش ئەنجامدانی دیمانەکە هەڵسێ بە دیراسەیەکی ووردی کەسایەتییەکە وەکو(ناوی تەواوی،ناوبانگ،کاری ئێستاو پێشوی،خواست و داخوازییەکانی،وورەو ڕەوشتی.............) چونکە هەموو ئەمانە لە کاتی گفتوگۆدا، دەبنە هۆکارێکی باش بۆ بەقسە هێنانی کەسی میوان و دەتوانرێ سوودیان لێ ببینرێت.

**بنەماکانی هەڵبژاردنی بابەتی دیمانە:**

١-پێویستە بابەتی دیمانەکە تازە بێت.

٢-بابەتی دیمانەکە لەلای خەڵك گرنگ بێت.

٣-پێویستە بابەتەکە دیاردە بێت.

٤-پێویستە بابەتەکە لەچوارچێوەی ئەخلاقی ڕۆژنامە نووسیدا بێت.

٥-پێویستە بابەتەکە قابیلیەتی جێ بەجێ کردن بێت.

٦- پێویستە بابەتەکە ڕەچاوی نزیکایەتی کات و شوێن بکات.

٧-پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی بابەتەکەدا ڕۆژنامە نووس ڕەچاوی سیاسەتی کەناڵەکە بکات.

٨-پێویستە بابەتی دیمانەکە گفتوگۆیلەبارەوە بکەین لەگەڵ ستافەکە یان لەگەڵ کەسانی نزیك.

٩-پێویستە بابەتی دیمانەکە ڕەزامەندی ستافەکەی لەسەربێت.

**ئەو پرەنسیپانەی کە دیمانەی لەسەر بنیاد ئەنرێ :**

١-سەرەتا:واتە( سەرەتای دەستپێکردنی) دیمانەکە بە چەند چرکەیەك یان هەندێ جار دەگاتە خولەکیش ،دیارە گرنگی سەرەتا لەم چەند خاڵە کۆدەبێتەوە:

ا-وەك یەکتر ناسینێك لە نێوان هەردوولادا.ڕۆژنامە نووسکی ئەمریکی (لیلیان روز) دەڵێت:بۆچونە سەرەتاییەکان وەربگیرێ پشتی پێ ببەستی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی خۆت لەو دیمانەی کە ئەنجامی ئەدەیت.

ب-کەش و هەوای دیمانەکە دیاری دەکات و پاڵ نەرێکە بۆ قۆناغەکانی دیکە .

ج-دروست کردنی زیاتر متمانەکردن و ئاشناکردن بەیەکتر .

د-ئەو وتانەی کەلە سەرەتادا دەوترێت لەنێوان هەردوولادا (ڕۆژنامە نوس -کەسایەتی) دەبێتەهۆی چۆنیەتی ئەنجامدانی دیمانەکەو لە یەکتر گەیشتن.

ه-ئەبێتەهۆی دورخستنەوەی ڕاڕای و ترس و ئەبێتەهۆی ئەوە ی کە دیمانەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بێت.

دیارە ڕۆژنامەنوس بۆئەوەی کاری دیمانەکەی بەباشی ئەنجام بدات پێویستە بەووردی پلان بۆ سەرەتا (استهلال)ی دیمانەکە دابڕێژێت. ودەستپێکی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ بابەتەکەی و کەسایەتی بەرامبەر بەڕەچاوکردنی(ڕەگەز،تەمەن،ناسنامە....هتد)



**ڕەچاوکردن بنەما بۆیارمەتی دانی ڕۆژنامە نوس بۆ ئەنجام دانی سەرەتایی سەرکەوتوو :**

١-دیاریکردنی ئامانجی دیمانە .

٢-دیاریکردنی بابەتی دیمانە .

٣-(لەدیمانەی مەیدانی)دەکرێ چۆنیەتی ناسینی کێشەکە ڕوون بکەیتەوە .

٤-دووبارە کردنەوەی گرنگی بەشداری کردنی ئەوکە سایەتیە کەلە ئەنجام دانی دیمانەکە خاڵێکی گرنگە بۆئەوەی کەسایەتی یەکە هەست بەگرنگی خۆی و گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکە بکات .

٥-داواکردنی یارمەتی و ڕێنمایی لەکەسایەتی یەکە بەشێوەیەکی ڕوون و دیاری کراوبێت .

٦-ئاماژەدان بەوکەسەی کە ڕێنوێنی کردووە بۆ دیمانەکە لە گەڵ ئەوکەسایەتیە .

٧-ناو هێنانی ئەو کەناڵەی کە ڕۆژنامە نووس کاری بۆ دەکات بەتایبەت ئەگەر خاوەن ناوبانگێکی باش بێت.

٨-ئاماژەدان بە کاتی دیاری کراو ،مەبەست لەوە پەیوەست بوونی کەسایەتییەکەیە بە کاتی بەرنامەکە.

٩-دەکرێت ڕۆژنامە نوس بەزمانی بێدەنگی(لغە الصمت) دەست پێ بکات وەك زمانی(ڕەفتار،جووڵە،جل و بەرگ).

١٠-دانانی نەخشەیەکی تەواو بۆ دیمانەکە:دانانی نەخشە بۆ دیمانە زۆر گرنگە بە تایبەتی ئەو دیمانانەی کە دوورو درێژە(جۆرە

فەرمییەکان)بۆ ڕۆژنامە نووس تازە پێگەیشتووەکان.پێویستە ڕۆژنامە نووس نەخشەیەکی وورد ئەنجام بدات لەبەر ڕۆشنایی (ڕێنیشاندەرەکە) و ڕەچاوی کات بکات و مەبەست و ئەنجام دانی دیمانەکە ی تێدا ڕوون بکاتەوە.

## ئامانجی دیمانە

هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن هەوڵ ئەدات سیاسەتەکانی خۆی جێ بەجێ بکات .ئەمەش بەهۆی ئەو بابەت و بەرنامانەوە جێ بەجێ دەبێت کە پەخشی دەکات.

لە دیمانەی ڕۆژنامەنوسی هەنگاوی یەکەم دیاری کردنی ئامانجە. بۆیە دەبێت ئامانج دیاری کراوو ڕوون بێت و ئامادەیی تێدا بێت بۆ جێ بەجێبەجێ کردن(واتە جێ بەجێ بکرێت).ئامانج دەورێکی گرنگ دەبینێت لە قۆناغەکانی ئەنجامدانی دیمانەکەدا. هەر لە خۆ ئامادە کردنەوە بۆ ئەم کارە و دیاریکردنی پرسیار و بەڕێوبردنی گفتوگۆکە . دیارە ئامانج لە دیمانە تەنها لای ڕۆژنامە نووس گرنگ نیە ،بەڵکو لای کەسایەتیەکەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەروەها لای (دەرهێنەر،بەرهەمهێن،وێنەگر.....هتد.). ئامانج لە ئەنجامدانی دیمانە دروستکردنی پەیوەندییەکی پیشەییە لە نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسی میوان،و یارمەتی کەسی ڕێنمای کراو دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بەشێوازی هاریکاری. هەر



دیمانەیێك ئەگەر هێندەی ئەو ئەو کات و پارەیەی کە بۆی تەرخان دەکرێت سودی نەبێ و زانیاری نەبەخشێت بە بینەر؟، کارێکی بێهودەیە .ئەو زمانەی کە ڕۆژنامە نووس بەکاری دەهێنێت زمانی دەیان هەزار کەسە،بۆیە پێویستە سەرجەم پرسیارە ئاڕاستە کراوەکان و کێشەکان ڕاست و ڕەوان و بێ موجامەلە بن و لە لایەن ڕۆژنامە نووسێکی بە ئاگاو کارزانەوە بوروژێنرێن و ڕۆژنامە نووسەکە ئاگاشی لەوە بێت کە وەڵامی تەواو وەرگرێتەوە.

## ڕۆژنامە نووس چی ئامادە دەکات

ڕۆژنامە نووس کەسایەتیەکی دیاری کراو دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو دەدوێنێ.پێویستە لەسەر ڕۆژنامە نووس کەتوانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی دیمانەکەی هەبێت و دیمانەکە ئاڕاستە بکات و ڕێگە نەدات بە ئارەزووی کەسەکە بڕوات بەڕێوە.ئەمەش پێویستە بە جۆرێك بێت کە بینەر یا کەسایەتییەکە هەستی پێنەکات و ڕۆژنامە نووسەکە بە(سەلیقەوە )ەوە و بەڕێك و پێکی دیمانەکە بەڕێوە بەرێ.

## رێنمایی و بنەماکانی ئاڕاستەکردنی پرسیارو بەڕێوەبردنی دیمانە

١-پێویستە ڕۆژنامە نووس بزانێ مەبەستی چی یە لە ئەنجامدانی دیمانە.

٢- پێویستە دەستپێکی دیمانەکە بەشێوەیەك بێت کە سەرنجی کەسایەتییەکەو سەرنجی بینەریش بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لە مەسەلەکە تێبگات و بزانێ دیمانە کە لەبارەی چی یەوەیە.

٣-پرسیارەکان کورت و ڕوون بن ،هەرپرسیارێك بەکەمترین ووشە و زۆرترین مانا ئاڕاستە بکرێت و مەبەست بپێکێت. پرسیاری ڕوون وەڵامی ڕوون بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

٤-پرسیارەکان بەبەرنامەو لەسەرەتای بابەتەکەوە بۆ کۆتایی بابەتەکە ئاڕاستە بکرێت .

٥-ئاگاداربە لەوەی ئەو وەڵامەی کە کەسایەتییەکە دەیداتەوە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بێت.

٦-بەباشە لەوەڵامی کەسایەتییەکە وورد بەرەوە چونکە هەندێ جار لەوەڵامی پرسیارەکە پرسیاری چاکت بۆ ئەدۆزرێتەوە.

٧-زانیاریەکانی خۆت لە بارەی بابەتەکەوە لەچوارچێوەی پرسیاردا دابڕێژە.

٨-ناوی میوانەکە بەشێوەیەکی ڕاست بەکار بهێنەو ناونیشان و پلەکەی باس بکە.



٩-ئاگاداربە لە غافڵ بوونت ،چونکە هەندێ جار بە غافڵ بوونێکی کەم کەسایەتیەکە لە ئەسڵی وەڵامەکە دەردەچێت و لەوانەیە وەڵامەکەی زۆر زیاتر بێت.

١٠-دووربکەوەرەو لە دەست خۆشی و سوپاس زۆر و موجامەلەی زۆر وبێئەنجام وبچۆرە ناو ئەسڵی بابەتەکەوە، چونکە کات لە تەلەفزیۆندا زۆر بەنرخە.

11-ئەگەر وەڵامی کەسایەتییەکەت قبوڵ نەبوو،هەرگیز بەڕاشکاوی مەڵێ (ئەو وەڵامەم قبوڵ نیە........) چونکە ئەمە کارێکە دەبێتە هۆی هەڵچونی کەسایەتیەکەو ناتوانرێ دیمانەکە بەردەوام بێت ، یان لەم حاڵەتەدا کەسایەتیەکە هەماهەنگی تۆ ناکات لەو دیمانەکەدا.

١٢-ئاراستە کردنی ئەو پرسیارانەی کەوەڵامەکانیان ئاشکراوڕوونە کارێکی بێ مانایە.

١٣-کاتێ کەسایەتیەکە قسە دەکات دەبێت تۆ سەرنجت لەسەری بیت ،چونکە تۆ پرسیارت لەو کردوەو ئەو وەڵامی‌تۆ دەداتەوە .

١٤-ئەگەرهەست ئەکەیت بابەتی دیمانەیێك لە بواری کارو زانیاریەکانی تۆدا نیە قبوڵی مەکە.ڕەتکردنەوە باشترە لە خراپکردن.

١٥-بیرو باوەڕی خۆت بۆخت هەڵگرەو مەیسەپێنە بەسەر کەسایەتیەکەدا و ڕێگە بدە ئەو بۆچونی خۆی دەربڕێت .

١٦-لەکاتی ڕێکخستنی پرسیارەکاندا ئەو پرسیارانەی کە ووروژێنەرن یان لەوانەیە بێتە هۆی توڕەکردنی کەسایەتیەکە ،هەڵگە بۆ کۆتایی دیمانەکە بۆئەوەی یەکەمجار کەسایەتییەکە قسەکانی خۆی بکات و بواری خۆدزینەوەی نەبێ.

١٧-هەوڵبدە پرسیارەکان بە جۆرێ ئاڕاستە بکەیت، کە ڕوون بێت بۆ ئەوەی گوێگر و لە هەمان کاتیشدا کەسایەتیەکە لە پرسیارەکە بگات .چونکە پرسیاری ناڕوو وەڵامەکەشی ناڕوون دەبێت.

١٨-جموجووڵ و تەنانەت جل و بەرگەکەشت پێویستە لەگەڵ حاڵ و کەش و هەوای بەرنامەکەدا بگوونجێ.

١٩-ئاگاداری ئاوازی دەنگ و ئەو ووشانە بە، کە بەکاری دێنیت،ڕاست و بەجێ بن و لەگەڵبابەتەکەدا گونجاو بێت.

٢٠-پێویستە زمانی دیمانەکە لەگەڵ تەمەن و فەرهەنگی لایەنی دیمانەکە (کەسایەتیەکە) گوونجاو بێت.

٢١-لە کۆتایی دیمانەکەدا هەوڵبدە بە کورتی ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر کراوە کۆ بکەرەوە و کارە ئەنجام دراوەکان و بەڵێن وپێشنیارەکان بە کورتی بە یادی بینەر بێنەرەوە.

### ***دارشتنی پرسیار:***

پرسیار گرنگە بۆ بەدەست کەوتنی زانیاری ،دەکرێت بڵێین پرسیار بریتییە:لە ووشەیەك یان هەندێ جار یان بێدەنگیەك ( زمانێکی بێدەنگی) کە ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکرێت و پێویستی بە وەڵام دانەوەیە . بێگومان ئەو وەڵام دانەوەیەش ڕاو زانیاری تێدایە.واتە فراوانکردنی لایەنی مەعریفەتە و گواستنەوەیە لە نەزانراوەوە بۆ زانراو.چۆنیەتی و شێوازی پرسیار کردن ڕێگەیەکی گرنگە بۆ زامنکردنی گوێگرتنێکی چالاك لەلایەن بەرامبەرەوە بەڵام، بەجۆرێك کە پرسیارەکان ڕوون ودیاریکراوو کورت و گونجاو بن لەگەڵ بابەتی دیمانەکەدا .هەروەها پێویستە لەسەر ڕۆژنامە نووس کە ئاگاداری



جۆری پرسیارەکان بێت کە هاندەر بن بۆ بەردەوامی و کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر.هەمیشە ڕۆژنامە نووس پرسیار ئاڕاستە دەکات و چاوەڕێ ی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە و کاتێکیش زانیاری بەردەست دەکەوێت خۆی لە بارو دۆخێکی دیکە دەدۆزێتەوە و پرسیاری نوێ ئامادە دەکات.

ئاساییە کە هەر دیمانەیێك ئەبێت شتێك فێری گوێگر بکات،یان ئەو دیمانە وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بداتەوە کە لە مێشکی گوێگردا دروست بووە.

### ***شێوازەکانی پرسیار :***

پرسیار ڕۆڵێ گەورە دەبینێت لە دیمانەی ڕۆژنامەنوسی دا و هۆکارێکی باشە بۆ دەستکەوتنی زانیاری بیرو بۆچوون و ڕوونکردنەوەی پێویست ،کە مەبەستی دیمانە دێنێتە دی.

چەند پێوەرێك بۆ پۆلێنکردنی شێوازەکانی پرسیار لە لای توێژەرەوان:

١-پۆلێنکردنی پرسیار بەپێ ی چۆنیەتی سازدانی دیدارەکە

ا-پرسیاری لەوەو پێش ئامادەکراو:ئەو پرسیارانەن کە پێش ئەنجامدانی دیدارەکە لەلایەن ڕۆژنامە نووسەکەوە ئامادەکراون.دیمانەی لەم جۆرە ووشك و بێگیانەو زیندوێتی خۆی لەدەست دەدات.

ب–پرسیار کەلەماوەی دیدارەکە ئامادە دەکرێت:ئەو پرسیارانەن کەلەئەنجامی وەڵامەکانی کەسایەتییەکەوە دروست دەبن.ئەم جۆرە دیدارانە سەرنج ڕاکێشن.ڕۆژنامە نووس بەپێ ی بەئاگا بوونی خۆی لە بابەتەکەو ئەو زانیاریانەی کە پێیەتی ڕووبەڕووی کەسایەتییەکە دەبێتەوە.

٢–پۆلێنکردنی پرسیار بە پێی بابەت:

واتە پرسیار کردن بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندیان بە بابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە .پرسیاری گرفت،پرسیاری ڕا،پرسیاری پاڵنەر .

٣–پۆلێنکردنی پرسیار بە پێی شێوازی داڕشتن :

بە پێی شێوازی داڕشتن دوو جۆر پرسیار دەکرێت.

ا–پرسیاری داخراو:ئەو پرسیارانەیەکە وەڵامێکی دیاری کراوی دەوێت ،هەندێ جار بە (بەڵێ یا نەخێر) کۆتایی بە وەڵامەکە دێت.

ب–پرسیاری کراوە :ئەو پرسیارانەیە کە ناکرێ وەڵامێکی دیاری کراوی هەبێت .بۆیە گرنگی یان زیاترە لە پرسیاری داخراو، بۆیە پێویستە ڕۆژنامە نووس هەوڵ بدات ئەم جۆرە پرسیارانە ئاڕاستەی کەسایەتیەکە بکات.



## تایبەتمەندییەکانی پرسیار:

ا–هەستێکی ئارامی و گرنگی لە لای کەسایەتیەکە دروست دەکات.

ب–ئەم جۆرە پرسیارانە بوارێك بۆ کەسایەتیەکە دەڕەخسێنێت کە بە ئازادی و فراوانی دەربارەی گۆشە نیگاکانی بدوێ و ،هەروەها ناتوانرێ کەسایەتییەکە سنوردار بکرێت.

ج–ئەم پرسیارانە ئاڕاستە کردنی نیە یان زۆر کەمە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکە بە ئازادی وەڵام بداتەوە.

د– ئەم جۆرە پرسیارانە بە کەڵکی ڕۆژنامەنووس دێت کاتی ٚبەپەلە و بێخۆ ئامادەکردن دیمانە ئەنجام ئەدات.

## لایەنە خراپەکانی پرسیاری کراوە:

١–دەبێتە هۆی ئەوەی کەسایەتیەکە درێژە بدات بە وەڵامەکەی لەسەر حسابی پرسیارەکانی ترو هەروەها کاتی بەرنامەکەش دەکوژێت.

٢–هەندێ جار کەسایەتیەکە خۆی لە هەندێ پرسیار دەدزێتەوە و هەندێ وەڵام ئەشارێتەوە و باسی ناکات .

٣–دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە پرسیارانە بۆچونێك لای کەسایەتی یەکە دروست دەکات کە هەست بەوە بکات،ڕۆژنامە نووسەکە خۆی ئامادە کردووە بۆ دیمانەکە و هەندێ جاریش لەوانەیە ئەم جۆرە پرسیارانە هۆی بێتوانایی ڕۆژنامە نووسەکە دەربخات .

٤ –بێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامە نووسەکە نەتوانێ کۆنترۆڵی کەش و هەوای دیمانەکە بکات.

٥-ڕۆژنامە نووسەکە دەتوانێ بەشێوەیەکی ئاسان ماوەی وەڵامەکان دیاری بکات .

٦-ڕۆژنامە نووس دەتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کۆتایی بە دیمانەکە بێنێ و کەشێکی زیندوو بە دیمانەکە ببەخشێ .

٧-ڕۆژنامە نووس ئەتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین پرسیار ئاراستەی کەسایەتیەکە بکات و باسی لایەنی زیاتر لە بابەتەکە بکات .

٨-تێگەیشتن لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە ئاسانەو پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات .

٩-ڕۆژنامە نووس ماندووبونێکی کەمی دەوێت، بۆ ئامادە کردنی ئەم جۆرە پرسیارانە.

**٣-پۆلێنکردنی پرسیاربە پێی ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت لە دیدارەکەدا:**

لێرەدا پرسیاری سەرەتایی و پرسیاری سەرەکی و پرسیاری بەدوادا چوون دەر دەکەون.

٤-پۆلێنکردنی پرسیار بە پێ ی گرنگی :دەکرێت پرسیار بەپێ ی گرنگی بکەین بە دووبەشەوە

ا-**پرسیاری سەرەکی( جەوهەری)**:

ئەو پرسیارانەن، کە پەیوەستن بە بابەتی یان تەوەرەی سەرەکی دیمانەکەوەو بە دوای زانیاری گرنگ دا دەگەڕێت و لایەنە گرنگەکانی لامەبەستە .دیارە پرسیاری سەرەکی گرنگی یەکی زۆری هەیە لە



دیمانەی تەلەفزیۆنیدا .ڕۆژنامەنووس دەتوانێ لە هەربەشێکی دیمانەکەدا بە پرسیارێکی سەرەکی بچێت ناو باسەکەیەوە.

ب- **پرسیاری لاوەکی**:

ئەو پرسیارانەیە کە لە ئەنجامی وەڵامی پرسیارە سەرەکیەکانەوە ئاراست دەبێ.واتە کاتێ ڕۆژنامە نووس هەست دەکات کە کەسایەتییەکە وەڵامی تەواوی نەداوتەوە یان وەڵامەکە ڕوون و ئاشکرا نییە ،یان ئەو وەڵامەی کە کەسایەتییەکە دەیداتەوە، دەکرێ وەڵامی چەند پرسیارێکی تریش بێت .دەتوانێ بەپرسیارێکی لاوەکی لە وەڵامەکە دڵنیا بێتەوە.

هەندێ جار پرسیارە سەرەکییەکان ژمارەیان کەمترە لە پرسیارە لاوەکییەکان . بەڵام گرنگی لەوەدایە ،کە پرسیاری لاوەکی چڕتر دەبێتەوە لە تەواوکردنی کەمو کوڕی وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان.

**داڕشتنەوەی پرسیار :**

واتە داڕشتنەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی وا کەبتوانین دەستەبەری زانیارەکان بکات .

ڕۆژنامەنووس لەکاتی داڕشتنەوەی پرسیاردا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١-زمانی پرسیار:زمان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر پرۆسەی پەیوەندی کردن . ئەوزمانەی کەپرسیاری پێ دادە ڕێژرێ کاریگەری هەیە لەسەر وەڵامی کەسایەتی یەکە .واتە ڕۆژنامە نووس لە ئەنجامی تێگەیشتنی لە بابەتی دیمانە کە شێوازی داڕشتنی پرسیار هەڵدەبژێرێ.

پێویستە ڕۆژنامەنووس هەندێك تێبینی ڕەچاو بکات لەکاتی هەڵ
بژاردنی شێوازی داڕشتنی پرسیار .

٢-پەیوەندی پرسیارەکە بەبابەتی دیمانەکە :ڕۆژنامەنووس پێویستە بەشێوەیەك پرسیارەکان دابڕێژێ کەپەیوەندی یەکی توندو تۆڵی بەبابەتەکەوە هەبێ واتەئەگەر بەد حاڵی بوون ڕوی دا پێویستە ڕاستی بکاتەوە.

٣-گونجاوی پرسیار لەگەڵ ئاستی کەسایەتی یەکە: واتە پرسیارەکان بەشێوەیەك دابڕێژرێت لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنی کەسایەتییەکە گونجاو بێت ،دەبێت کەسایەتییەکە لە پرسیارەکە بگات .

٤-کورتی پرسیار: پێویستە ڕۆژنامەنووس پرسیاری کورت لە کەسایەتییەکە بکات و توانای هەبێت کەمترین ووشە بەکاربێنێت بەڵام، پێویستە ئاگاداری وردی پرسیارەکە و تێگەیشتنی بێت بۆ کەسایەتی یەکە

٥-دورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ووشەی نامۆ : واتە ڕۆژنامەنووس پێویستە دووربکەوێتەوە لە ڕازاندنەوەی پرسیارەکان لە ووشەی سەیرو نامۆ .ڕۆژنامە نووس هەمیشە هەوڵبدات بگات بە ڕاستیەکان نەك خۆهەڵکێشان .

٦-پێویستە ڕۆژنامەنووس بەهیچ شێوەیەك بیروبۆچوون و ئایدییا و وێنا کردنی خۆی زاڵ نەکات لە داڕشتنی پرسیارەکاندا .

٧- دوورکەوتنەوە لە ڕوونکردنەوەی (فیلمی ڕووداوەکان) :لە کاتی دیمانە لەسەر ڕوداوێك یان دیاردەیەك ،دیمانەی تەلەفزیۆنی



پێویستی بە بابەتی فیلمی (وێنەی جوڵاو ) هەیە بۆیە لەم کاتەدا پێویست ناکات ڕۆژنامە نووس ڕوونکردنەوە پێشکەش بکات دەربارەی ئەو وێنانە.

٨-پێویستە داڕشتنی پرسیارەکان بەشێوەیەك بێت کەسایەتی یە کە وجەماوەر لێی بگەن و پرسیارەکان ڕوون و ئاشکرا بن و ئاڵۆزیان تێدا نەبێت .واتە ڕۆژنامەنووس تایبەت بەخۆی بەکارنەهێنێت و دوربکەوێتەوە .لە بەکارهێنانی ووشەی تەم و مژاوی وەك
(گەرم –چڕ،درێژ،گەورە ) یان (بچوکتر،گەورەتر،خراپتر ) لەبەر ئەوەی ئەو ووشانە ڕێژەیین و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت

ڕێنمایی و بنەمای پرسیار ئاڕاستەکردن و بەڕێوەبردنی دیدار (دیمانە):

چەندین مەرج و بنەما و ڕێنمای هەن، کە یارمەتی ڕۆژنامەنووس دەدەن. بۆ ئەنجام دانی دیمانەکەی بەسەرکەوتووی .دیارە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕێنماییانە، ناکرێت کوت و مت جێ بەجێ بکرێت بەڵکو دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت :-

١-باکگراون و کەسایەتیەکە بگەڕێ : واتە کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر کەسایەتی یەکە . واتە ئەگەر دیمانەکە دەربارەی بەرهەمێکی نوسراوی میوانەکە بێت ،دەبێت کتێبەکەی بخوێنیتەوە بە ووردی زانیاری تەواو دەربارەی بزانیت

٢-کەش وهەوایەکی وا دروست بکات ،کە میوانەکە هەست بە ئارامی بکات وە ئاشنایی بکا، بەناساندنی ڕووەکان بۆ ئەوەی واهەست بکات کە لە ماڵی خۆیەتی.

٣–هەرگیز پێش دیمانە، پرسیارەکان بە میوانەکە مەدە چونکە ئەم کارە دەبێتەهۆی لەدەستدانی دەرفەتی دیمانەی سەرکەوتوو، چونکە ئەمە شتێکی خراپە و دیمانەکە زیندوێتی لە دەست دەدات .

٤– هەرگیز قسە بە میوانەکە مەبڕە، وەکو بەکارهێنانی هەندێ ووشەی نادرووست (بەڵێ – وایە – جوانە –زۆر گرانە – بێ گومان ......) .

٥– هەوڵ مەدە پشتگیری میوانەکەت بکەیت، لەو بیرو بۆچوونانەی کە هەیەتی .

٦–کۆنترۆڵی کەش و هەوای دیدارەکە بکە .واتە ئەگەر کەسایەتی یەکە هەوڵی دا دیدارەکە لە خزمەتی ئاڕاستەکانی خۆیدا بێت مەیهێڵە و ڕێگری بە .

٧–هەمیشە هەوڵ بدە، کەشێکی ئارام بە دیدارەکە بدەی واتە ئەگەر کەسایەتی یەکە توشی نائارامی بوو، هەوڵبدە ئارامی بکەیتەوە .واتە لە درێژی دیمانەکە هەوڵ بدە ناو و تواناکانی میوانەکەت باس بکەیت .

٨– لەپرسیارێك زیاتر ئاڕاستەی کەسایەتیەکە مەکە و پرسیارێك ئاراستە مەکە کە وەڵامەکەی زانراوبێت یان پێش بینی بۆ بکرێت .

٩–ئەوەشت لە یاد نەچێت کە میوانەکەت پسپۆڕە و تۆ زانیاری لەو وەردەگریت. بۆیە نابێت، تۆ ببیت بەسەرچاوەی زانیاری .واتەئەگەر زانیاریت پێشکەش کرد، بالە هی میوانەکە کەمتر بێت .



١٠–بەوردی و بە بایەخەوە گوێ بۆ وەڵامەکانی کەسایەتی یەکە ڕابگرە.چونکە ئەگەر وات پێوە دیارنەبێت، دیمانە،کەت سەرکەوتوو نابێت .

١١– هەرگیز درێژە مەدە بەدەست خۆشی لە کاتی کۆتایی هێنانی دیدارەکەدا ڕستەی تەقلیدی بەکارمەهێنە .

## هەڵسەنگاندنی دیمانە :

ڕۆژنامە نووسی زاناو بە ئەزموون ئەتوانێ تا ڕادەیەکی باش ئەنجامی دیمانەکەی هەڵسەنگێنێت بەپێ ی هەندێ ڕێگەی زانستی ،لەڕێگەی گەران بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی کەسی میواندا. لە ڕاستی و ناڕاستی قسەکانی دڵنیا بێت .واتە هەرکاتێ ڕۆژنامە نووس بۆی دەرکەوت ، کەکەسی میوان ئەم دیمانەیە ئەنجام ئەدات بۆ ڕێزو حورمەت و خۆشیرین کردن و سەرگەرمکردنی خەڵك ،پێویستە گومان لە قسەکانی بکرێت.سەرکەوتنی دیمانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێ بە بوونی زانیاری و شارەزایی تەواو لەلای کەسی ڕێنماکەر و دەرکەوتنی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەبەردەم کەسی میواندا. جگە لەوەش توانای ڕۆژنامە نووسەکە بۆ خولقاندنی کەشێکی ئارام بۆ ئەنجامدانی دیمانەکەو بەهێز کردنی ڕۆڵی کەسی میوان و کارکردن لەسەری بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری بدات بە بینەر.

ئەگەر هاتوو ڕۆژنامە نووس هەستی بەوە کرد، کەکەسی میوان کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێ فشاری ڕۆحی و شەخسی یەوە یان کۆمەڵایەتییەوە ،یان کەسی میوان بەرژەوەندی هەیە لە دیدارەکە

،ئەوا پێویستە ڕۆژنامە نووسەکە هەوڵبدات، کە دیمانە لەگەڵ کەسێکی تردا ئەنجام بدات بۆ ئاشنا بوونی زیاتری بینەر بەبابەتی دیمانەکە.

پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووس کەتوانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی دیمانە کەی هەبێ ودیمانەکە ئاڕاستەبکات و ڕێگەنەدات کەبەئارەزووی کەسەکە بەڕێوە بڕوات .ئەمەش پێویستە بە جۆرێك بێت کەبینەر یان کەسایەتی هەستی پێنەکات ،واتە دەبێ بە (لەباقەت) و بە ڕێك و پێکی ئەنجام بدرێ.سەلیقەی ڕۆژنامە نووسیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی فیئە جیاجیاکانی مەبەستدار بۆ دیمانە،ناچار بکرێن کە بەشداری دیمانەکە بکەن و ناچار بکرێن بە بەخشینی زانیاری پێویست و گرنگ.

پێویستە ڕۆژنامەنووس هەمیشەئەوەی لەیادبێت کەبەشداران قسە دەکەن و زانیاری ئەبەخشن نەك ئەو .بۆیە سەلیقەی ڕۆژنامە نووسی بۆ دیمانە خاڵێکی زۆر گرنگەو پێویستە ڕۆژنامە نووس خاوەنی بێت بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی بارودۆخ بکات و مەبەستە ڕۆژنامەنووسیەکانی بێنێتە دی.

ئەوکەسەی کە دیمانەکەی لەگەڵ ئەنجام ئەدرێ، نوێنەرایەتی (جەماوەری تەلەفزیۆنی) دەکات .بۆیە پێویستە کەسێکی خاوەن ڕۆشنبیری بێت و گۆشەنیگای جەماوەر بزانێ بۆئەوەی پەیوەند یەکی پتەو دروست بکات لەگەڵ جەماوەر دیارە سروشتی پرسیارەکان و توانای داڕشتنەوەی پرسیارەکان و وەڵام دانەوەی



کەسایەتی یەکە بۆ ئەو پرسیارانە دەبنە هۆی ئەوەی کەبینەر هەست بەسەرکەوتنی دیمانەکە بکات و بزانێت ئەو وێنە یەی کە لەبەر چاوی بینەر جێی دەهێڵێ ، تا چەند توانیویەتی پێداویستی یەکانی بینەران جێ بەجێ بکات و شتی تازەیان پێ بناسێنێ. پێویستە ڕۆژنامەنووس لەکاتی بڕیاردان لەسەر ئەنجام دانی دیمانە ئەوە بزانێت. کە سەرکەوتنی دیمانە، تەنها لەسەر هەڵبژاردنی بابەتەکەو سروشتی پرسیارەکان ناوەستێ ، بەڵکو لەسەر پسپۆڕی وشارەزایی دەبێت.

## دیمانە لەڕۆژنامە و ڕادیۆ

کریستین گیلگاری پەیامنێری ڕۆژنامەنووس دەڵێت: کارامەیی لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەیی وڕادیۆییەکاندا، بنچینەی هەموو ڕاپۆرت وبابەتە ڕۆژنامەییە باشەکانە .دیمانەی ڕۆژنامەیی بەوە پێناسە دەکات کەبریتی: یە لە زانیاریەك و ڕاوبۆچونێك یان پسپۆڕییەك کەلەسەرچاوەیەکەوە کورت دەکرێتەوە لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەنووسدا، ئەوەش کە دیمانەی ڕۆژنامەیی یان ڕادیۆیی جیادەکاتەوەو وا دەکات هەندێك لە ئاخاوتنی ئاسایی جیاوازتر بێت ئەوەیە پەیامنێری ڕۆژنامەنووس خۆی ڕوکاری پرسیار وئەگەرەکان دیاری دەکات کە لەکاتی گفتوگۆکەدا دەوروژێنرێن.

وەهەروەها دیمانەی ڕۆژنامەیی هەموو کاتێك ئاسان نابێت، پێدەچێت خەڵك سوور بێت، لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت گەرهاتوو بابەتەکە شایەنی باسکردن بێت، لەکاتی مامەڵەکردنیشدا لەگەڵ لێپرسراوان ،دەبێت ڕۆژنامەنووس بەئەگەرێك دەست پێبکات کە جەماوەر مافی خۆیەتی ئەوە بزانێت کەلێپرسراوان دەیکەن، ئەو پەیامنێرە ڕۆژنامەنووسانەی شارەزاییان هەیە. بۆیان دەرکەوتووە ،دەتوانن زۆربەی ئەو لێپرسراوانەی



نەیانویستووە دیمانەی ڕۆژنامەیی ئەنجام بدەن، ڕازی بکەن دیمانەییان لەگەڵ ئەنجام بدرێت کاتێك ڕۆژنامەنووسان بۆچونێکی وایان لادروست بوبێت، کە ئەو لێپرسراوانە بیانو دەهێننەوە یان ڕێگر دەبن لەوەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت، وەك ئەم بیانو وڕێگرییانەی لای خوارەوە:

**–کاتیان نییە**: پەیامنێری ڕۆژنامەنووس دەتوانێت پێشنیازی گونجاوترین کات وباشترین شوێن بۆ ئەو کەسە بکات کە دەیەوێت دیمانە و قسەی لەگەڵدا بکات، هەروەها باشتر وایە کاتێکی زۆر کەم پێشنیاز بکات.

**– لەوە دەترسن کە لەوانەیە بابەتەکە وایان لێبکات بەشێوەیەکی ناخۆشەویستانە دەربکەون**: لەبەر ئەوە دەبێت پەیامنێر ڕێز بۆ خەڵك دابنێت و بەوردی پێیان بڵێت بەوپێیەی خواستی پەیامنێر لە قسەکردن لەگەڵیاندا هاوکاردەبێت لە دڵنیابوون لەسەرچاوەکە یان ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات.

**–نازانن چی بڵێن**: دەبێت پەیامنێر ڕون و ڕاشکاوانە بێت. دەربارەی ئەو هۆکارانەی پاڵی پێوەناوە ،بۆ دەستکەوتنی ڕاوبۆچوونی کەسێکی دیاریکراو.

**–بەیەکگەیشتنیان ئەرکێکی گرانە**: پەیامنێران زۆر جار پێویستە لەسەریان لەڕێگەی سکرتێر یان فەرمانبەری پەیوەندییەکانەوە پەیوەندی بەو کەسەوە بکەن ،کەدەیانەوێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەن، ئەگەر پەیامنێران گومانیان لادروست بوو، کەداواکەیان بەکەسی مەبەست نەگەیشتووە ئەوا هەندێکیان نامەی ڕاستەوخۆی

بۆ دەنێرن، وەیان لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا یان لەسەعاتەکانی دوای کاری ڕەسمی تەلەفۆنی بۆ دەکەن بەو مەبەستەی پێی بگەن.

پاش ئەوەی ڕیککەوتن لەسەر چاوپێکەوتنەکەو توێژینەوە لەسەر کەسێتی کەسەکە وئەو بابەتەی دەبێتە تەوەری باسەکان زامن بوو، دەبێت پەیامنێرەکە زیاتر خۆئامادەکاری بکات، زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان لیستێك لەو پرسیارانەی کەدەیانەوێت ئاراستەی بکەن یان چەند سەرەقەڵەمێك لەسەر تەوەرەکان ئامادە دەکەن ولەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، بەلاّم لەکاتی چاوپێکەوتندا نایخوێننەوە ،بەڵکو لەکاتی نزیك بوونەوەی کۆتایی چاوپێکەوتنەکە سەیرێکی دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن کەهیچ بابەتێك یان خاڵێکیان لەبیر نەچووە باسی لێوە نەکرابێت، وەهەروەها دەبێت لیستەکە ئەوزانیاری یان بەڵگەنامە یان وێنانەی تێدا بێت ،کەدەیانەوێت لەسەرچاوەکە دەستیان بکەوێت.

پرسیار بڕبڕەی پشتی هەموو چاوپێکەوتنێکە وئەو سوکانەشە کە پاپۆڕەکە بەئاراستە ڕاستەکەدا دەبات، پرسیاری باش پاداشتی پەیامنێر بەچەند وەلاّمێکی چاوەڕوانەکراو وزانیاریی بەنرخ و شتی کتوپڕ دەداتەوە، بەلاّم پرسیاری لاواز وا لەپەیامنێر دەکات ڕووبەڕوی پرسیار بێتەوە، کە ئایا پەیامنێرەکە بانگێشتی چی دەکات لەو قسانەیدا لەگەڵ ئەو کەسە؟ بەلاّم پرسیاری دیاریکراو بەڕادەیەکی زۆر پەیامنێر بەلای ڕویەکی سەخت وبەردەلاّن وهەڵەدا ڕادەکێشێت.

هەروەها پرسیاری یەکەم لەهەر چاوپێکەوتنێکدا گرنگە لەبەر ئەوەی شێواز وسروشتی ئەو پرسیارانەی تر دیاری دەکات ،کە



بەدوایدا دێن، زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان حەزدەکەن بەپرسیارێك دەستپێبکەن بۆ لابردن ونەهێشتنی ساردی وبەستەڵەکیی نێوان خۆی وئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا ساز دەکات بۆئەوەی زیاتر دڵنیا وهێور بێت، بەشێوەیەکی باویش ئەو پرسیارە لەسەر شتێك دەبێت خۆشحاڵبن بەوەلاّمدانەوەی، پێدەچێت ئەو شتەش لەواقعدا هیچ پەیوەندیەکی بەهۆکاری چاوپێکەوتنەکەوە نەبێت بەلاّم، زۆرکات هاوکارێك دەبێت،لەهەستپێکردنی کەسێتیەکە، یان سەرچاوەکە بەڕاستگۆیی ڕۆژنامەنووسەکە، هەروەك دەکرێت ببێتە هۆی دەستپێکی هەست بەباوەڕپێکردن وکراوەیی لەنێوان هەردوولادا.

لەزۆربەی کاتیشدا باشترین پرسیار ئەو پرسیارانەن، کەکۆتاییەکانیان کراوەن وناتوانرێت تەنها بەبەڵێ یان بەنەخێر، وەلاّم بدرێنەوە.هەروەها ئەو پرسیارانە، نابێت پەندوحیکمەتێکی دیاریکراو لەخۆبگرێت و دەبێت وابەستە نەبێت بە بنچینەی ڕاوبۆچونی ڕۆژنامەنووسەکە، ئەوە ئەو جیاوازییەیە لە نێوان ئەم دوو پرسیارەدا(ڕاتانلەو بارەوە چییە؟) و(پێشبینیی چیت دەکرد؟).

ئەگەر گرنگ بوو، ڕۆژنامەنووسەکە پرسیاری باش بکات، ئەوا گرنگیش دەبێت کە هێمن بێت وبواری قسەکردن بدات بەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکات، باشترین ئەوانەی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەییەکان ساز دەکەن ئەوانەن توانای گوێگرتنیان هەیە.لە زۆر کاتیش لە بێدەنگیاندا، گرنگترین زانیارییان دەستدەکەوێت ،ئەوەی

گوێی بۆ دەگرن پێدەچێت هەندێك پرسیاری دیكەیان، لابوروژێنێت كەپێشتر بەخەیاڵیاندا نەهاتووە.

(ڕۆبێرت سیگاڵ) كەلە دەستەی ڕادیۆ گشتییەكان لە (واشنتن) كار دەكات سەرگوزشتەی چاوپێكەوتنێك دەگێڕێتەوە كە لەگەڵ دیبلۆماتێكی توركی سازی دابوو، دوای ئەوەی هاوولاتییەكی توركی تەقە لە( پاپا یوحەنای پۆلسی دووەم) دەكات لە( ڕۆما) پرسیاری یەكەم دەڵێت:(هیچ زانیارییەكت لەسەر ئەو پیاوە (محەمەد عەلی ئەغشا) هەیە؟ لە"ئیتاڵیا" لەكوێ دائەنیشیت لەوێ چیی دەكرد ؟ جۆری فیزەكەی چییە ؟كەلە "ئیتاڵیا" پێی دراوە؟ وەلامی لەسەر هەموو ئەو پرسیارانە بەیەك ووشە بوو ئەویش(نەخێر)بوو، پاش چەند هەوڵێك سیگال بێدەنگ بوو ،خەریك بوو، بێ ئومێد بێت ئەگەر دیبلۆماتە توركییەكە ئەو بێدەنگییەی نەپچڕاندایە بەوەی كە وتی:(.....بێجگە لەوەی بەناوبانگترین پیاو كوژە كەلە توركیا ئیدانە كراوە، هەروەها پاش تیرۆركردنی سەرنووسەری یەكێك لەڕۆژنامە گەورەكانمان لە زیندان هەڵهاتووە)، سیگال دەڵێت :كە خەریك بوو، بابەتێكی گرنگم لە كیس بچێت، بەهۆی ئاراستەكردنی پرسیاری زۆر وورد وپوختدا، ئینجا بۆی دەركەوت باشتر وابوو دیمانەكەی بەپرسیارێك دەستپێبكردایە كە بڵێت(باسی ئەو پیاوەم بۆ بكە).

ڕۆژنامەنووسان دەتوانن دیمانەكانییان، بەشێوەیەكی ڕوبەڕو یان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئیمێڵ یان بەنامەی دەنگیی دەستبەجێ(خێرا)وە ئەنجام بدەن، هەریەك لەو شێوازانەش، تایبەتمەندێتی وكەموكوڕیی خۆی هەیە، ئەو



دیمانانەی ڕوبەڕو ئەنجام دەدرێن، تیایدا پەیامنێر هەستێكی تەواو بەو كەسە دەدات كە دیمانەی لەگەڵدا ساز دەكات ئەویش لە ڕێگەی ئەو وێنە وتابلۆیانەی بەدیوارەكاندا هەڵواسراون یان ڕێكوپێكی نوسینگەكەی یان بەپێچەوانەوە پشتگوێخستنی نوسینگەی، یان جۆری ئەو كتێبانەی لە نوسینگەكەیدا هەن، هەروەها چاوپێكەوتنی ڕوبەڕو توانای حكومدان بە پەیامنێر دەبەخشێ، لەسەر ڕاستگۆیی كەسەكە، بەپێی هەڵسوكەوتەكانی كە ئایا، توڕەیە یان هێمنە؟ یان ئایا ئەو ئامادەیە ڕاستەخۆ سەیری چاوەكانی پەیامنێر بكات؟

(كریستۆڤەرشیب سكانلان) كە بەڕێوەبەری وەرشەی كارە لە (خوێندنەوەی ڕۆژنامەیی) لە پەیمانگای(بۆینتار) ،كە یەكێكە لە پەیمانگاكانی خوێندنی ڕۆژنامەنووسی، لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا سەرگوزشتەی دیمانەیەك دەگێڕێتەوە كەلەگەڵ ژنێكدا سازیدابوو مێردەكەی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە مردبوو، ژنەكە گەشتێك بە پەیامنێرەكە بەماڵەكەیدا دەكات ،كە سەیری ژووری نوستنەكایان دەكەن ژنەكە دەڵێت:(من هەموو شەوێك تۆزێك بۆن(عەتر) بەسەر ئەو پێخەفەدا دەكەم كە مێردەكەم بەكاری دەهێنا، بۆ ئەوەی واهەست بكەم كە هێشتا زیندووە)، ئەمە وا لەخوێنەر دەكات ،كە هەست بەبۆن وبەرامی ئەو عەترە بكات بگرە لەوانەیە هەڵیشی مژێت، بۆیەلەوانەیە، سكانلان پێی نەدەزانی بە هەست وسۆزی گەر بهاتایەو دیمانەكەی لەڕێگەی تەلەفۆن یان ئینتەرنێتەوە بوایە.

سەبارەت بەو دیمانانەی،لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێن کاتێکی کەم دەخاێنن، هەندێك لە پەیامنێران پێیان وایە ،ئەم ڕێگەیە ئاسانترە، بۆ دەستکەوتنی هەندێك خاڵی دیاریکراو کاتێك بەلایانەوە گرنگ نابێت ،روبەوڕو چاویان بەو کەسایەتیانە بکەوێت کە دیمانەی لەگەڵدا ساز دەکەن، هەروەك دەتوانن تێبینییەکانیان لەکاتی دیمانە تەلەفۆنییەکەدا لەسەر کۆمپیوتەر تۆمار بکەن، دیمانەکان لە ڕێگەی ئیمێڵەوە بەسوودە لە بەیەکگەیشتن بەوکەسانەی لە شوێنی دورن، بەڵام پەیامنێرەکە ناتوانێت لە ساتی ڕوداوەکەدا ئەوە وەربگرێت، کە دەوترێ وبەدواداچوونی بۆ دەکات.

سەبارەت بە دیمانەکانیش، لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنیی دەستبەجێ، واتە(نامەی دەنگی خێرا) لە دیمانەی تەلەفۆنی دەچێت، بەڵام هەردوو شێوازەکە، کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوەیە، ئەگەری ئەوە دروست دەکەن کەئایا ئەو کەسەی دیمانەکەی لەگەڵدا ساز دەکرێت،(واتە ئەو کەسەی لەسەر ئینتەرنێت لەگەڵتدایە) بەفیعلی کەسی داواکراوە یان نا؟ لەبەر ئەو پشێوی و بێ دڵنیاییە ڕۆژنامەی(فێرجینیان بایلۆت) کە لەشاری(نۆرفۆك)ی ویلایەتی فێرجینیا دەردەچێت، یاساو بنەمایەکی داناوە بۆ ئەو ژور(بەش)ە هەواڵییانەی خۆی ،کە پەیوەندییان بە چاوپێکەوتنی ئینتەرنێتییەوە هەیە ئەم بنەمایەش بەم جۆرەیە(لە حاڵەتی گواستنەوەی لێدوانەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، دەبێت تەئکید بکرێت، کە پەیوەندیەکە ڕاستەچونکە دەتوانرێت بە ئاسانی ناونیشانی ئەلکترۆنی یان ئەنجامدانی پەیوەندیەکە، تەزویر بکرێت، ئەویش بەوەی کەسێك



خۆی لەبەرگی کەسێکی تردا بنوێنێت یان بابڵێین(کەسێك دەوری کەسێکی تر دەبینێت)، ناتوانرێت ئینتەرنێت کۆنتڕۆڵ بکرێت ،وەك ئەوەی لە ئاژانسەکانی هەواڵی وەك (ڕۆیتەرزو ئەسیۆشیێیتدپرێس)،دا هەیە ودەکرێ فێڵ لەهەر جێگایەکەوە بێ بێت.ئەو پەیامنێرانەی ئیمێڵ یان هەر شێوازێکی تری پەیوەندیی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنن ،لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، دەبێت پەیڕەوی چۆنێتی پێوەرەکان بکەن لە پیشەکەیاندا هەروەك ئەوەی، کە دەیکەن لە کاتی بەکارهێنانی هەر شێوازێکی تری پەیوەندیدا، پێویستە لەسەریان خۆیان وەك ڕۆژنامەنووس بناسێنن وئەو زانیارییانە بڵاوبکەنەوە، کە دەیانەوێت دەستیان بکەوێت وهۆکارەکەش لەوەدا، هەروەها پێویستە لەسەریان، ئەو شێوازەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و بەکارهێنانی کارامەیی بیرکردنەوەیەش جێبەجێبکەن کەبەسەر هەر سەرچاوەیەکی تر لە سەرچاوەکانی زانیاریدا جێبەجێی دەکەن.

وێڕای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێگەیەی، چاوپێکەوتنەکانیانی پێ ئەنجام دەدەن، پەیامنێران بە شێوەیەکی باو، هەندێك پرسیاریان هەیە دەیهێڵنەوە تا کۆتایی دیمانەکە، پەیامنێران یەکەم جار، گفتوگۆکان بۆ میوانەکە کورت دەکەنەوە ،بۆ دڵنیا بوون، لەوەی ئەوان بەوردی لەوە تێگەیشتوون کە پێیان وتراوە، دواتر دەپرسن کە ئایا میوانەکە حەز دەکات،هیچ ڕونکردنەوەی زیاتر بدات ئەگەر هەیبێت؟ بەتایبەت پاش دەوامی ڕەسمی سوپاسی کەسەکە دەکەن کە ماوەی پێداون بۆ چاوپێکەوتن، زۆربەی پەیامنێران دوا

پرسیاریان هەیە و لە کۆتایی هەموو، دیمانەکاندا دەیکەن. ئەویش ئەوەیە (پێویستە لەگەڵ کێی تریش قسە بکەم ،لەسەر ئەم بابەتە ....؟



## هەندێك ڕێگای پێشنیارکراو بۆکۆتایی هێنان بە دیمانە :

أ- بەکارهێنانی پرسیاری پاککردنەوە :واتە ڕۆژنامەنووس بۆ زانینی باسکردنی کۆی بابەتەکە دەپرسیت (ئایا خالێك ماوە لەبابەتەکە کە باسی نەکرابێت ) ،واتە هیچ شتێك ماوە، کەجێی بایەخی بینەربێت؟ .

ب-بەڕاشکاوی ڕۆژنامەنووس ئاماژەدەکات ،بەتەواوبوونی ،کاتی بەرنامەکە و کۆتای پێهێنانی دیمانەکە.

ج-هەندێجار ڕۆژنامەنووس کۆتایی بە دیمانەکە دەهێنێت، بەوەی کەنیازی خۆی ئاشکرادەکا تبۆ بەجێبەجێ کردنی مەبەستەکەی ((باشەمەبەستی من لەم دیمانە ئەم شتە بووە ،جەنابت ئەرکی وەڵام دانەوەی مەبەستە کەی من دایەوە...........)

د-بەکارهێنانی زمانی بێدەنگی(زمانی جەستە) دەکرێت بەکار بهێنرێ "لغە الجسم" هۆکارێکی باشە، بۆ کۆتایی پێهێنانی ڕۆژنامەنووس بەدیمانەکەی وەك(( ڕاست بوونەوە لەسەر کورسی یەکەی ،تەماشاکردنی کاتژمێر، ئاماژەدان بەنیازی هەستان .....)) بۆیە پێویستە ئەم زمانی بێدەنگی یە ، لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێت .هەندێ جارئەم زمانە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ قسە کردندا .وەکو باشە... تەماشای کاتژمێرەکە دەکات ،پێم وایە کاتی دیاریکراو کۆتای پێهات ،پێدەکەنێ ودەچەمێتەوە بۆ پێشەوە

ه–هەتاوەکو هەردوولا ، لەبازنەی دەنگ و ،وێنە دەرنەچن، دیمانەکە کۆتای نایە .بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس زۆر وریا بێت لەو قسانەی لەکۆتایدا دەیکات .



## *ئامۆژگاری بۆئەو کەسانەی*
## *دیمانەی ڕۆژنامەنووسی ئەکەن*

دیمانەی ڕۆژنامەنووسی هونەرێکەو پێدەچێ هەموو ڕۆژنامەنووسێك بەهرەیەکی وای نەبێ، بەڵام ئەم چەند ئامۆژگارییە لەوانەیە بۆ ئەو کەسانەی لەم بەهرەیە بێ بەشن سوودێکی هەبێ:

١–**ئەوپەڕی پابەندبون بە وادەی دیاریکراوەوە**: زۆر کەسایەتی هەن وا خۆیان پێشان دەدەن پاپەندن بە کات و وادەوە، هەر بۆیە پابەند بوونی ڕۆژنامەنووس بە وادەوە بۆ پەیوەندی بەستنی کەسایەتییەکانەوە بایەخی دەبێ.

٢– **ڕازیکردن**: پێویستە کەسایەتییەکە بە بیانووی دیدارو چاوپێکەوتنەکەو پێویستی سازدانییەوە ڕازی بکات، دەکرێ لە هێندێ زانیاری بۆ باس بکەیت و هانی بدەیت تا قسەت بۆ بکات، زانیارییەك دووبارە مەکەرەوە  کەسایتیەکە لێی بە ئاگا بێت.

٣– **دەکرێ بە پرسیارێکی گشتی و هەمەلایەنە دەست پێ بکەیت**، ئەمە ئەو دەرفەتە بە ڕۆژنامەنووس دەدات هەلومەرج و کەسایەتییەکە هەڵ بسەنگێنێ و بیرکردنەوەی خۆی ڕێك بخات.

٤– **واباشە ڕۆژنامەنووس هەرگیز قسە بە کەسایەتییەکە نەبڕێت**، مەگەر زانیارییەکی دەستکەوت بێ کە ویستوویەتی، یا کەسایەتییەکە لە باسەکە دەرچووبێ یا پێوەندی نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەکە بۆ جۆرێك لە هاوڕێیەتی گۆڕاوە.

٥- هێندێ جار دەکرێ ڕۆژنامەنووس ڕێ بە کەسایەتییەکە بدات لە بارەی خێزانەکەی یا هەر شتێ خۆی ئارەزووی لێ بێت بدوێت، بەلأم بە مەرجێ بەو باسانەی لە بابەتەکە هەڵنەیەت.

٦- ڕۆژنامەنووس مەرجە ناو بە ناو ڕووخۆشی و ڕوو بە پێکەنینی خۆی دەربخات، چونکە کەسایەتییەکە لەوانەیە مەبەستی بێ هەندێ جار سەرنج لە کاردانەوەی ئەو زانیارییە ترسناکانە بدات کە ئاشکرای دەکات، هەر بە تۆمارکردنی قسەکانی لە سەر کاسێت دڵی ئاوناخواتەوە.

٧- ڕۆژنامەنووس مەرجە جڵەوی هەست و سۆزی خۆی بکات، بە تایبەتی کاتێ لەگەڵ کەسێکدا دەدوێت ڕقی لە بیرکردنەوەیەتی یا ئارەزووی ناکات. ئەمەیش مەرجێکە بۆ تەواوکردنی دیدارو چاوپێکەوتنەکە.

٨- ڕۆژنامەنووس دەبێ باش بزانێت چۆن گوێ بۆ بەرانبەرەکەی هەڵدەخات، باش گوێ هەڵخستن وا لە بەرانبەر دەکات هەست بە بایەخی خۆی بکات، هەروەها بە گوێ هەڵخستن ڕۆژنامەنووس دەتوانێ بە ڕێکوپێکی گفتوگۆی خۆی بکات و زیاتر بیر لە خاڵە گرنگەکان بکاتەوە.

٩- ڕۆژنامەنووس لێ نەگەڕێ تا تەواو دڵنیادەبێ لە مەسەلە بنچینەییەکانی وەك نووسینی ناوەی کەسایەتییەکەو پلەوپایەی فرمانەکەی یا تەمەنەکەی یا ژمارەو هێندێ زاراوە.

١٠. لەگەڵ کەسایەتییەکەدا هاوسۆز بێ ،هەوڵ بدات لێی تێ بگات و لێی نزیك ببێتەوە.



## ئەو سەرچاواوانەی سودیان لێوەرگیراوە:

١- د اديب خضور ،الاعلام الرياضى ، ،دارالنشر_المكتبة الاعلامية دمشق ١٩٩٤

٢- د.کازمی موعتەمەد نەژاد ڕۆژنامە گەری، و،مەجید ساڵح عزیز

٣- بەدرەدین ساڵح ،شێوازەکانی هەفپەیڤینی ڕۆژنامەوانی ،

٤- د.فاروق علی عومەر. کلیلی دەسەلاتی چوارەم. وەرگێرانی هیوا ساڵح

٥- حەسەنی شەیدا، هونەری بێژەری لەڕادیۆو تەلەفزیۆن، وەرگێرانی باست حەمە غریب ا

٦- ،مالکۆڵم ئێف .مالیتی ، هاوڕێ ی ڕۆژنامە نووسان وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە ئازاد حەسەن فەتاح

:.لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی.

٧- کاروان عەلی ،هونەری ڕۆژنامەنووسی.لە بڵاوکراوەکانی خەندان

٨- دکتۆر مۆفەق دەرگەڵەیی ،وانەکانی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی.

٩-فریباسەیاد-د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی،نەریتی ڕۆژنامەوانی،و:کارزان محەمەد.

## نموونەی ٣

## دیمانەی ڕۆژنامەنووسی

**یەکەم :دیمانەیەکی کومەلایەتی تایبەت بە خێزان**

**دووەم: دیمانەییەکی سیاسی .تایبەت بە هەڵبژاردن**

**سێیەم:دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسی ووێژەییە**





## مۆبایل وسەتەلایەت
## هۆکارن بۆ جیابوونەوەی ژیانی هاوسەرگیری

**چەند سالێکە، بە شێوەیەکی بەرچاو ریژەی جیابونەوەی ژیانی هاوسەری بەرێژیەکی زۆر پەرە سەندووە بە تایبەتی لە نێوان گەنجان هۆی دروست بونی ، ئەم کێشە کۆمەلایەتیە ، یەکی لە هۆکارە سەرەکیەکان موبایل و سەتەلایەتە .سەبارەت بەم کێشەییە پارێزەر ( تەلا رلەتیف) وەڵامی ئەم پرسیارانەی داینەوە.**

– **بۆچی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە، بەشێوەیەکی بەر چاو پەرەی سەندووە ؟**

+ **ڕاستە ڕێژەی جیابوونەوە، لەم ساڵانەی دوایدا ڕوولە زیاد بوونە،بەڵام، ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری لە پشتەوە هەیە کە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ خودی تاك خۆی و هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ**

دەورووبەری ئەوخێزانەی کە دروست ئەبێت ،جاری واهەیە دەگەڕێتەوە بۆئەو ژن ومێردە خۆیان وەك تاكێك ،بەڕاستی هەندێكیان زەواجی" پێش وەختە"کە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی تەمەنی ئەو کەسانە کە ئەمەش وای کردووە،تەفاهم لە نیوانیاندا نەبێت وبەبوونی هەر کێشەیەکی بچووك، ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە ،بۆلای خێزانەکانیان. کە ئەم گەڕانەوەیەش لەپاشتر ئەبێت بە دەستێوەردانی خێزانەکان ،هۆکارێکی تر، هەڵبژاردنی" هەڵەی تاکەکانە" لەبەر ئەوەی هەڵبژاردەی خۆیان نییە، وەزۆرجار زەواجەکە بۆ بەرژەوەندێکی ماددی یە یان ڕاکردنە لەو واقعەی تاکەکان تیایدا ئەژین ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر، دەرباز بوونە لە بەناوقەیرە بوون کە ئەمەش بەڕاستی بیانوویەکە نەك دەرباز بوون ،ئەمانەو زۆر هۆکاریترکێشەی لێدروست ئەبێت کە جیابوونەوە لە نێوانیاندا ڕووئەدات ،هۆکارێکی تر نەبوونی" ئازادی هەڵبژاردنە "لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە زیاتر هەڵبژاردنەکان بۆ زەواج لەلایەن خێزانەکان خۆیانەوە دەبێت ئەمەش، وایکردووە کە سۆز و خۆشەویستی لە نێوان ئەو دوو کەسەدا نەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر کێشەیەك هەبێت ڕاستەوخۆ بچنە دادگا پەنا دەبەنە بەر جیابوونەوە کە بە چارەسەری ڕەها دائەنێن .بەڵام، ئەگەر هەڵبژاردنەکە بە دڵی خۆی بێت و لەسەر بناغەی سۆز و خۆشەویستی بنیادنرابێت هەمیشە هەوڵئەدرێت، ئەو خێزانە پێکەوە بن و هەوڵی بچووك کردنەوەی کێشەکان ئەدەن نەك گەورە کردنی ، ئەمەیە جیاوازی لەنێوان ئەوەی، کە هەڵبژاردنێك هی خۆت بێت و



هەڵبژاردنێك خێزانەکەت بیکات ،وەك لە پێشدا باسم کرد، کە تەمەنەکە وایکردووە ترسی دایك و باوك بۆ دروست نەبوونی قەیرە بوونە، کە وایلێهاتووە کە تەنها هەڵبژاردەکە لای ئەوان بێت .

ئەگەر سەر ژمێرێك بکەین لە دادگا سەیرکەین ئەو زەواجانەی ئەکرێت، زیاتر لە نیوان ئەو کەسانەیەکە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵیەوەیە ،بگرە هەمانە تەمەنی شانزە ساڵیشی تەواو نەکردووە ، پێی نەخستۆتە ١٧ ساڵەوە تا گرێبەستی هاوسەرگیری فەرمی بۆ بکرێت، هەمانە (١٣-١٤) ساڵە دێن گریبەستی هاوسەرگیریان بۆ بکرێت کە دادگا ڕێگە نایات بەو هاوسەرگیرییە ڕاستەوخۆیە، ئەچنە دەرەوە لەلای مەلا ئەو گرێبەستەی بۆ ئەکرێت دواتر دێتەوە دادگا بە تصدیقی گرێبەستی دەرەکی، واتە لە دەرەوە گواستویەتەوە دواتر گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ئەکەن بەمە دادگا ئەخەنە بەردەم ئەمری واقع ،پاشان غەرامەیەك ئەکرێت لە دادگاوە دواتر عقدی زەواجەکەیان بۆ پێك ئەهێنرێت ، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تەمەن ،زۆرمان هەیە جیاوازی تەمەنیان زۆرە کە ئەمەش لێك نەگەیشتن و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست ئەکات ،هۆکارێکی تر بەداخەوە زەواجی (دووهەم )یان زۆر زۆرە ، کە هەڵەکەی زیاتر ئەگەڕێنمەوە بۆ ژنان ،پێشتر ئەمان گەڕانەوە ، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگابە هۆی ژن بە ژن و گەورە بەبچوکی ،هۆکارە بۆ ئەوەی ئەم ژن و پیاوە زەواجی دووەم بکەن ،بەڵام ئێستا سەیرەکەین ئەوانەی زەواجی دووەم ئەکەن،کەسانێکن لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە خاوەن شهادە و پلە وپایەن ، ژنانیش بە هەمان شێوە،

سەیردەکەین خاوەن بڕوانامەیەکی بەرزن ،بەڵام بیرلەوە ئەکەنەوە ژنی دووهەم بێت ،ئەگەر پەنا بەرینەوە بۆ یاسا کە ئەمە چارەسەر بکات لێرەدا یاسا تەنها سزای پیاوەکە ئەدات بەغەرامە یان زیندانی، بەڵام من پێم باشە، چ وەك پارێزەرێك چ وەك پارێزەرێکی یەکێتی ژنان سزای ژن و پیاو لێرەدا وەکو یەك بێت ،واتە سزای پیاوەکە بدرێت شان بەشانی ئەویش سزای ژنی دووەمیش بدرێت تاوەکو ئێمە بەربەست بین، لە زەواجی دووەم .

**– ژنی دووەم زەواج ئەکات بەپێی یاسا سزای بدرێت ،لە حاڵەتێکدا ئەمە ناچێتە خانەی پێشێل کردنی مافەکانی تاکە کەس بۆ نموونە ئارەزووی خۆیەتی شووی پێ ئەکات یان نا ؟**

+ نەخێر لەبەر ئەوەی لێرەدا،بەپێی یاسا، ئەوە قەدەغە کراوە ،کەواتە بەپێی یاسا جەریمە تەشکیل ئەکات .

_ بەپێی شەریعەی ئیسلامی ئەم کارە ڕێگەی پێدراوە ؟

+ ئەگەر بێینەوە سەر شەریعەی ئیسلام ئەڵێت :ئەبێ عدالەت هەبێ، وە بە هیچ شێوەیەك کە بیرلە ژنی دووەم کرایەوە عدالەت بوونی یە ،ئەگەر لە هەموو ڕوانگەیەکەوە و لە هەموو بارەکاندا و لە ڕووی مادییەوە یەکسانی بکات، لە ڕووی سۆز و خۆشەویستی یەوە ناتوانێت بە یەکسانی دابەشی بکات .

**– هۆکاری هاوسەرگیری دووەم ،ترس نیە لە قەیرە بوونی کچان خۆیان ؟**

+ ئەوە بە بیانوو دا ئەنێم، لەبەر ئەوەی کچان خۆیان هۆکارێکن بۆ قەیربوون لەبەر ئەو داواکاریە زۆرەی،کە لە کاتی لاوێتیدا هەیانە



،لەوانەیە چەندین گەنجی ڕێك وپێك و خاوەن بڕوانامە چوبێتە پێشەوە بەڵام ئەوان زیاتر مەسلەحەتە مادییەکەیان پێش خستبێت ،کە ئەمانە ئەبێتە هۆکارێك بۆ قەیرە بوونی کچان، کە دواتر ئەو قەیرە بوونە باجەکەی بۆژنی یەکەم، بیدات .

چونکە چەند باسی ئازادی بکەین ئەبێت باسی ئازادی ژنی یەکەم بکەین ،کە قەیرەکان خۆشی و ئازادی بەرجەستە ئەکەن لەسەر ئەساسی ژنی یەکەم، ئەوەش خۆی لە خۆیدا پێشێل بوونی مافی ژنی یەکەمە ، ئەوەندەی پێشێل کاری هەیە بۆ مافی ژنی یەکەم ئەوەندە پێشێل کاری نی یە بۆ ژنی دووەم چونکە لە پێش ئەوەی قەیرە بێت، بەڕاستی هەلێکی لەبەردەمدایە. ئەویش ئەوەیە کە لە هەندێ بەرژەوەندی مادی خۆی خۆش بێت،کەسێك لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویست هەڵبژێرێت و قەیرە بوونەکە نەهێڵێت

جارێکی تر قەیرە بوون و هێنانەوەی ژنە ئەنفال و بێوەژن بە بیانوو دا ئەنێم ،ئێوە وەکو ڕاگەیاندن ئەگەر بێت و سەر ژمێریەك بکەن لە دادگاکاندا بڵێن: ئەوانەی کە ژنی دووەم ئەهێننەوە کێن و کێ ئەهێننەوە، بەڕاستی ئەو کچانەن کە زۆر مناڵن و یان خاوەن بڕوانامەن یان ئەو کچانەن کە پێویستیان بەوە نییە بڵێین قەیرە کچن ،لەبەر ئەوە ئەمانە هەمووی بە بیانوی پیاو دا ئەنێم بۆ دروست بوونی ئەو کێشەیە .

**– ئەو کێشەیەی دێتە دادگا بە دڵنیاییەوە لە هاوسەرگیری دووەمدا کێشەی زۆری تێدایە ،ئەو جیابوونەوانە زیاتر لە زەواجی یەکەمدایە یان لە دووەمدا ؟**

+ بەڕاستی دووەمیش تیایەتی، لەبەر ئەوەی ئەبێتەکێشە بۆ ژنی یەکەم ، وا لەو ژنە ئەکات بێتە دادگا ، چونکە هیچ ژنێك نی یە ڕازی بێت ژنی دووەمی بەسەر بێت جگە لەوەی، هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتی وا ئەکات کە ژنی دووەم قبوڵ بکات ،ژنی یەکەم کاتێك ژنی دووەمی بەسەر دێت ئەگەر لە ڕووی مادی یەوە بە هێزبێت و خێزانێکی بەهێزی لەپشتەوە بێت، بتوانێت خۆی وخێزانەکەی مەبەستم مناڵەکانیەتی بەخێو بکات ڕاستەوخۆ دوای هێنانی ژنی دووەم ،یەکەم شت کە ئەیکات داوای جیابوونەوە ئەکات ، چونکە لە ڕووی مادی یەوە مستقرە و هیچ کێشەیەکی نییە ئەمەیە کە وای لێکرد ڕازی بێت بە ژنی دووەم ، وە ئەوانەی کە ژنانەی کە لە ڕووی مادی یەوە لاوازن و دەخلێکی سەربەخۆیان نییە ،تائێستا پاشکۆی پیاو خێزانەکانیانن ، یان ئەوانەن کە خێزانەکانیان پێان قبوڵ نی یە کچەکانیان بە مناڵەوە بگەڕێتەوە بۆ لایان ئەمەش وا لە ژنی یەکەم ئەکات لە ڕووی سۆز و خۆشەویستی یەوە ،بۆ مناڵەکانی ژنی دووەم قبوڵ بکات .ئەمەش هەندێ فشاری کۆمەڵایەتی وای لێکردووە ژنی دووەمی پێ قبوڵ بێت .



**– پێت وایە ژنی دووەم باشترە یان خیانەتی هاوسەری ؟**

+ ئەمە دوو شتی جیاوازن و هەردووکیان جەریمە تەشکیل ئەکات ،لەبەر ئەوەی، ئەڵێین: ژنی دووەم ئەمە جەریمەیە، بە پێی یاسا سزای خۆی هەیە. ئەگەر بیانوشی هەبێت پێویستە ڕەزامەندی دادگای هەبێت بۆ هێنانی ژنی دووەم ئەبێت بیانووی شرعیشی هەبێت دادگا سزای ئەدات ، بەڵام دادگا لە دوو حاڵەتدا، بە پێی بریاری (٦٢) ڕێگەی داوەپیاو ژنی دووەم بێنێتەوە ئەگەر بەراستی ئەو ژنە مناڵی نابێت یان لەڕووی نەفسیەوە ناتەواو بێت ئەمیش پاش ئەوەی ئەدرێت بەلیژنەی پزیشکی ئەویش بڵێت ١٠٠٪ ئەو ژنە مناڵی نابێت یان نەفسیەن تەواو نییە ئەوکاتە ڕێگە بە پیاوەکە ئەدرێت بۆ هێنانەوەی ژنی دووەم ،بەڵام ئەگەر بچێت لە دەرەوەی دادگا ژنی دووەم بهێنێتەوە دادگا هەمان سزای بەسەردا دەدات ، جیاوازی هەیە لە نێوان ژنی دووەم و خیانەتی زەوجی وەکو ووتم هەردوکیان جەریمە تەشکیل ئەکات و هەر یەکەشیان سزای خۆی هەیە ،سزای ژنی دووەم ئەوەیە کە لە ١٠,٠٠٠ هەزاری دیناری سویسری غەرامە زیاتر بێت و لە ٣ ساڵ زیندانی زیاتر نەبێت .

سزای خیانەتی زەوجی قورسەبە پێی ماددەی (٣٧٧ )لە یاسای سزادانی عیراقی، چ ژن بیکات چ پیاو بیکات دوو لایەنەیە بەڵام بۆ هێنانی ژنی دووەم یەك لایەنەیە و پیاو ئەیکات ،خیانەتی زەوجی هەر کامێکیان بیکات بە ڕاستی سزای خۆی هەیە ئەگەر پیاوەکە کردی ئەوکاتە ژنەکە داوای جیابوونەوە ئەکات هەموو مافەکانی

خۆی دەستە بەر ئەکات ، وەئەگەر ژنەکە کردی ئەوا هیچ مافێکی خۆی دەستە بەر ناکات .لەهەمان کاتدا، مافێکی زۆر ئەساسی ئەویش بەخێوکردنی منالە بۆ ژن لێی بێبەش ئەبێت کاتێک کە خیانەتی زەوجی بەسەردا ئیسپات ئەبێت .

**– تۆ ئەڵێیت ئەگەر ئەو ژنە منالی نەبێت، پیاو بۆی هەیە ژن بهێنێتەوە ،ئەم ژنە ئینسانە و منالّ نەبوونەکەی لە دەسەلاّتی خۆیا نەبێت ،ئەمە لە ڕووی دەروونی یەوە کاریگەری خراپی دەبێت ،ئایا یاسا ڕەچاوی ئەمەی کردووە ؟**

+ لێرەدا کاتێک لیژنەی پزیشکی ئەڵێت :١٪ ئومێد هەیە دادگا ڕێگەی ژنی دووەم نادات ،بەڵام کە ووتی ١٠٠٪ ئەوکاتە دادگا ڕێگە بە زەواج ئەدات ،لەهەمان کاتدا ژنیش بەپێی مادەی ()٤٣ لە یاسای "باری کەسێتی" ئازادە داوای جیابوونەوە بکات، یان ئەتوانێت بمێنێتەوە لای مێردەکەی .

**– مۆبایل و سەتەلایت تا چەند هۆکارن بۆ جیابوونەوە و کاریگەریان هەیە ؟**

+ پێش ئەوە چەند هۆکارێکی تر هەیە کە پێویستە باس بکرێن ،یەکێك لەو هۆکارانە خاریجە بە ڕاستی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کۆمەڵگای خۆمان ،چ ئەوانەی کە مێردەکانیان بەجێیان هێشتوون، چ ئەوانەی بە دەستگیرانی بەجێ هێڵراون ،ئەمە دوو شتی جیاوازە مادەی (٤٣) لە یاسای باری کەسێتی چارەسەری ئەم بارەی کردووە ، هەر کەسێ دوو ساڵ بەسەر عقدی زەواجەکەیا تێ پەڕیبێت و داوا نەکرابێت بۆ گواستنەوە ئەو کچە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە



بکات هەموو مافەکانی خۆی وەربگرێت ، ژنێك گواسترابێتەوە و دوو ساڵ بەسەر بەجێ هێشتنەکەیدا تێپەری بێت هەمان یاسا دەیگرێتەوە

بەڕاستی هۆکارەکانی مۆبایل ،بە گشتی و ڕاگەیاندن بە تایبەتی سەتەلایت ،کارێکی سلبی کردۆتە سەر کۆمەڵگای خۆمان ، چونکە ئێمە چەند سوودی لێوەر ئەگرین، لە ڕووی ڕۆشنبیری یەوە بە هەڵە بەکاری ئەهێنین .بەکارهێنانی سەتەلایت و مۆبایل بۆتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی جیابوونەوە ،چونکە زۆر جار ئەوانەی دێنە دادگا و داوای جیابوونەوە ئەکەن ،هەرچەندە لە ڕووی کلتوری نە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ڕاستەوخۆ لە دادگا بڵێن کە مێردەکانیان داوای ئەو ڕێگا سێکسیانەیان لێ ئەکەن کە لە سەتەلایتدا هەیە ، پێیان قبوڵ ناکرێت. بەڵام بەهۆی ئەو ئازاردان و کێشە لە نێوانیاندا دەری ئەبڕن و داوای جیابوونەوە ئەکەن بەلام ،ئەگەر سەر ژمێریەك بکەین بۆ ئەوەی لە دەرەوەی دادگا یان لای پارێزەرەکان یان لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئاماژە بەوە ئەدەن، کە سەتەلایت چەند کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوەشانەوەی خێزانەکان. ئەویش لە لە رووی سێکسیەوەیە ،چونکە کۆمەڵگای ئێمە پەیوەستە بە کۆمەڵێك خورەوشت و شەریعەتی ئیسلامەوە و ئە وڕێگا سێکسیانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەیە بۆیە هەر لادانێك لەوانە بەحەرام دادەنرێت ، ڕاستەوخۆ لە دادگا داوای جیابوونەوە دەکات .

لەلایەکی تر ،مۆبایل هۆکارێکی تری جیابوونەوەیە ،چونکە هەندێ جار ڕۆیشتنی ژمارەی هەڵە کێشەیەکی زۆر ئەنێتەوە ئەویش بەوەی

که ئەو کەسەی کە ژمارەکەی بە هەڵە بۆ ڕۆیشتووە ،چەند جارێك پەیوەندی پێوە ئەکات و کورتە نامەی بۆ ئەنێرێت و کێشەی بۆ دروست ئەکات ،هەرەها ئاستی ڕۆشنبیری تاك، نەگەیشتۆتە ئەوەی کە بلێ بەهەڵە بەکار هاتووە و ئەچێتە خانەی ئەوەی کە خیانەتی کردووە ، دادگا چارەسەریشی بۆ ئەمە داناوە بەوەی کە لە دادگای لێکۆڵینەوە داوا پێشکەش بکات و ئەویش لێپێچینەوەی یاسایی خۆی ئەکات و بوونی ئەو ئیجرائاتە بە ئەرێی بەسەر ژنەکەیا ئەشکێتەوە و لە کێشە دووری ئەخاتەوە .

**– ڕۆشنبیری سێکسی تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر جیابوونەوە ؟**

+ ئەتوانم بڵێم، هۆکارەکان زۆر زۆرن ، بەڵام پێیان خۆش نی یە ئەوە بکەین بە هۆکارێکی سەرەکی لە جیابوونەوەکەیاندا ،بگرە ئەگەر بکرێتە هۆکارێکی سەرەکی داواکاریەکەیان زوتر کۆتای پێدێت ،بەڵام ئەوان ئەڵێن ئەمە ئەبێت، بە ئیشکالێك بۆ خۆیان و خێزانەکانیان یان لێرەدا وات لێیەت بڵێیت: ناکۆکی کەسی هەبووە، لە نێوانیاندا لە ڕێی ئەوەوە ،داواکانمان لە دادگا پێشکەش بکەین ،نەك هۆکارەکانی ئەوە بێت بۆیە ساغ نەبێتەوە، هەشمانە ئەوەمان کردووە بە هۆکاری جیابوونەوەکە .

**– ڕێژەی هاوسەری زۆرە یان جیا بوونەوە ؟**

+ بەڕاستی جیابوونەوە ،ئەو سەر ژمێرییە یە ئەتوانین لە دادگاوە وەربگرین ،بەڵام من وەك پارێزەرێك کە هاتۆتە لام ،سەیرەکەین چەندێك لە دادگا ڕاستەوخۆ داوای جیابوونەوە ئەکەن و چەندێك لەلای مەلا جیابوونەوە هەیە ئەمە مانای وایە، تۆ لە سێ کەناڵەوە



جیابوونەوەت هەیە ئەمانە هەمووی کۆ بکەینەوە بەبەراورد لەگەڵ زەواج سەیرەکەین جیابوونەوەکە زۆر ترە لە هاوسەرگیری .

**–چی بە خێزانی کورد دەلێت ؟**

+ من لێرەوە، ئەوە دووپات ئەکەمەوە، کە باس لە ئازادی ئەکەین لەپاڵ ئەوەشا، باس لە ئازادی هاوسەرگیریش بکەین ، هەوڵ بدرێت، تاکەکان خۆیان خاوەنی هەڵبژاردنەکانیان بن چونکە ئەو تاکانە لەگەڵ بەرامبەرەکانیان ئەژین نەك خێزان و کەس و کاریان ئەمە لەلایەك لە لایەکیتر، داوام لە دایك و باوکان ئەوەیە کە بەجدی گوێ لە کێشەی کوڕ و کچەکانیان بگرن و نەبنە لایەنی سێیەم ،بۆ گەورە کردنی کێشەکانیان بەڵکو هەوڵبدەن ببنە لایەنێکی ئیجابی لە چارەسەر کردنی کێشەکاندا

بەڕاستی من لێرەوە، حکومەت تاوانبار ئەکەم ئەوانیش هۆکارێکن بۆ جیابوونەوە ،ئەگەر بێت و سەرژمێریەك بکەین لە دادگا هۆکارەکان زیاتر نەبوونی ماڵی جیایە ،وای کردووە تدخول لە کەس و کاردا دروست بێت ، حکومەت ئەتوانێت زەوی دابین بکات و شوقەی تیا دروست بکات بۆ هاوکاری کردنی گەنجان ، نەك بەو مەرجە قورسانەی دایناوە لەسەر تاك کە بگاتە تەمەنی(٣٥ – ٤٠ ) ساڵی ئەوسا بتوانێت ئەو خاڵانە کۆ بکاتەوە ، حکومەت ئەتوانێ بێت ئەو شوقانەیان باتێ مقابیلی ئەوە مانگانە یان حسب دەخلەکەیان کرێیان لێوەر بگرێت ، لەم کاتە دا،هەم حکومەت، سوودمەند ئەبێت هەم تاکی کوردیش سوودی لێوەر ئەگرێت ، لەبەر ئەوە، ئەتوانم بڵێم ٨٠٪ هۆکارەکان ئەگەڕێنمەوە بۆ باری ئابووری تاك لەگەڵ نەبوونی

ماڵی جیا ، ڕاستە ئێستا دهاتی تاکی کورد زیاد بووە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کرێی خانوو و لەگەڵ بازار کێشەکان زیاد کراوە، هیچ لە کێشەکان چارەسەر نەکراوە ، بۆیە داواکارم لە حکومەت ڕێگە چارەیەك بۆ ئەم کێشانە بدۆزێتەوە .

<u>لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بلاوبۆتەوە ٢٠٠٧</u>



**فرید ئەسەسەرد** بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان:

# هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ئاستی پێویست نەبوون



لە ساڵانی رابردو چەندین هەڵبژاردن لە کوردستان کراون،دەنگدەران بە روی سندوقەکانی دەنگدان رۆیشتوون، دەنگیانداوە و پەرلەمان وحکومەت پێکهێنراوەن ، دیارهەڵبژاردنەکان قوناغی جیاجیان بڕیوە

**– کاریگەری دەوڵەتانی دراوسیێ لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەگشتی چیبووە؟**

+ پێم وانییە، کاریگەریەکی زۆری دراوسێکان لەسەر هەڵبژاردنەکان هەبوبێت. دراوسێکانی ئێمە، ئامرازێکی زۆریان، لەبەردەستدا نەبووە کە کاریگەری خۆیانی پێدەر بخەن.

**– ئێمە تاچەند سودمان لێوەرگرتوون بەو پێییەی بەردوام هەڵبژاردن لە وولاتەکەکانیان کراوە؟**

+ ئێمە سودێکی، زۆرمان، لە ئەزموونی ئەوان وەرنەگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی سوودمان، لە هیچ ئەزموونێکی هەڵبژاردن وەرنەگرتووە کێشەکەی ئێمە دوو ئاستە،یەکێکیان: ئەوەیە ئێمە خۆمان لە ڕووی دیموکراسی و سیستەمی هەڵبژاردنەوە وڵاتێکی بێ ئەزموونین،ئاستی دووەمیش: ئەم ناوچەییەی کە وڵاتەکەی ئێمەی تێدا هەڵکەوتووە ،بە شێوەیەکی گشتی وولاتێکە پێشینەیەکی زۆری لەڕووی هەڵبژاردنەوە نییە، لەبەر ئەوە ئێمە سوودێکی زۆرمان لەو ڕووەوە وەرنەگرتووە

**– لە سەرەتای راپەڕین، تاکو ئێستا چەند هەڵبژاردنێك لە کوردستاندا کراوە ئاستی هەڵبژاردنەکان چۆن بووە ؟**

+ پێم وایە ئاستێکی خراپ بووە، هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢ )دوو مەسەلەی زۆر گرنگی تیایە کە ئێمە زۆر جار باسمان لێوە نەکردووە ،مەسەلەی یەکەم: ئەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنە هەندێك کەم وکوڕی تیابوو، کە پێم وایە پاشان ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر نەزاهەتی ئەنجامەکان بەجێ هێشت ،تا ئێستا بەشێك لە نهێنیەکانی ئەم مەسەلانە ئاشکرا نەکراوە و تەنانەت پەرلەمانیش لێی نەکۆڵیوەتەوە بۆ نموونە سەرەڕای تێپەر بوونی ١٥ ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی (١٩٩٢) پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا لێژنەیەکی پێك نەهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی مەرەکەبە خراپەکە، کەلە هەڵبژاردن بەکار هاتبوو پاشان دەرکەوت، ئەمە تێك چووەو سوودی نی یە بۆ



هەڵبژاردن و بەئاسانیش ئەتوانرێ لە پەنجە لابرێت تەنانەت لە ئاوێتە کیمابییەکەی زانکۆی(صلاح الدین)ش سوود وەرنەگیرا چونکە ئەمە زۆر خراپتر بوو، لەوەی کە لە ئەڵمانیاوە پێمان گەیشتبوو ئەوەی ئەلمانیا ئەمان توانی سوودی لێوەربگرین یەکەم مەسەلەی دووەم:ئێمە لە ١٩٩٢ مەسەلەیەکی تیایە ئێمە خەریکە بیرمان ئەچێتەوە لە ١٩٩٢ دوو هەڵبژاردنمان کرد: یەك هەڵبژاردنمان نەکرد بەڵام هەردووکی تێك هەڵکێشی یەکتر بوون، یەکێکیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو ئەوەی کەشیان بۆ هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد بوو ئێمە توانیمان هەندێك لەو کێشانەی هەڵبژاردنی یەکەم چارەسەر بکەین. ئەوەوی کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە هەبوو ،بەڵام هەڵبژاردنی دووەم کە پەیوەندی بە ڕابەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردەوە هەبوو ئەمەیان فەرامۆش کرا.

**– بۆچی ؟**

+ ناتوانم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەت بدەمێ ،چونکە ئەوە پەیوەندی بەو هەڵومەرجەوە هەیە کەلە (١٩٩٢ )لە ئارادا بوو، بەڵام ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت، کە هیچ یەکێك لە سەرکردەکان دڵنیا نەبوون کە سەرکەوتنی تەواو بەدەست بێنێت لەبەرئەوە مەسەلەکە هەڵگیرا بۆ کاتێکی تر.

**– کەواتە بەبێ ئەوەوی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا بکرێت سندوقەکان داخران ؟**

+ ئەنجام ژمارەکانی هەڵبژاردنەکانی(١٩٩٢ )ئاشکرا کران .ئێمە لەبەردەستمانایە، بەڵام گومان لەو ژمارانە هەیە ،ئێستاش ئەگەر لێژنەیەك بێت ،لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە ئەتوانێت بەگومانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکات چونکە ئێمە گرنتیەکمان هەبوو بۆ نەزاهەتی هەڵبژاردنەکە، کە بریتی بوو،لە مەرەکەبە نهێنیەکە ئەو گرنتیە نەما .کەواتە ئەو ئەنجامانە لە( ١٩٩٢) دەرکەوتن گوزارشت لە دروستی ڕاوبۆچونی هەڵبژێرەکان ناکەن.

**– کەواتە پەنجا بە پەنجا یەکە هۆکاری مەرەکەبە بوو؟**

+ مەسەلەی پەنجا بە پەنجا ئەنتەرناتیڤێك بوو، بۆهەڵوەشانەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە،ئەبوایە هەڵبژاردنەکە هەڵوەشێنرێت و هەڵبژاردنی تر بکرێت یان ڕەنگە هەڵومەرجەکە بەرەو هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هێزەکان بڕۆیشتایە یا ئەبوایە، چارەسەرێکی وابدۆزرێتەوە کە مەسەلەی پەنجا بەپەنجا بێتە پێش. لەبەر ئەوە چارەسەری سێ یەمیان هەڵبژێردرا.

**– دوای ئەوەی چەندین هەڵبژاردن کراوە بۆ نموونە" هەڵبژاردنی شارەوانییەکان"، پەرلەمان جارێکی تر ئاستی هەڵبژاردنەکان بە گشتی چۆن بووە؟**

+ هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە سایەی یاسا کۆنەکە کراوە، هەر هەمووی خراپە .یاسا کۆنەکە، یاسایەك بوو، کە هەموو هەرێمی کردبوو، بە یەك لیستی هەڵبژاردن.بەڵام، بە شێوەیەك داڕێژرا بوو کە



کەمترین ئازادی ئەدایە ئەندامی پەرلەمان پاشان ئەنجامەکانیان ئاشکرا ئەکرا ئەم کێشەیە لە پەرلەمانی عێراق چارەسەرکرا. پاشان ئەوەی کە لە یاسای عێراق داڕێژرا ئێمە ناچار بووین بچینە سەر یاسای هەڵبژاردنی عێراقی بە هەر دوو شێوەکەیەوە لە هەردوو هەڵبژاردنا هەر دووکیمان بەکار هێنا ئەو یاسایە بەشێك لە کەم و کوڕیەکانی یاسای هەڵبژاردنی ئێمەی چارەسەر کرد بۆ نموونە، یاسای ئێمە ڕێگەی ئەدا ئێمە لیستێك ئامادە بکەین ،لەو لیستەدا بەپێی ڕێژەی ئەنجامەکە ئەندامان ئەبوو، لە پەرلەماندا، بەڵام زۆر بە ئاسانی ئەمان توانی هەر ئەندامێك کە بمانەوێت لای ببەین و یەکێکی تر لە جێگەی دابنێین، ئەم یاسایەی ئێستای هەڵبژاردنە، ڕێگە بە حزبەکان نادات،مەسەلەکە بەو جۆرە بێت ڕێگە بە گۆرینی ئەندامەکان نادات، مەگەر خۆی دەست لە کار بکێشێتەوە، پاشان ئەچێتە سەر ئەو ناوەی کە لە لیستی دەرنەچووەکان یەکەم ناوە.

**– دەنگ بۆ تاکەس درا با باشتر نەبوو.نەك بۆ حزب؟**

+ یاسای ئێستای هەڵبژاردنی عێراق ئەو کەم وکوڕی یەی چارەسەر کردووە کەلە (١٩٩٢ )هەبووە یاسای ساڵی( ١٩٩٢ )ی هەرێم تەنها ڕێگای بە گروپەکان یان حزبەکان دەدا لیست ئامادە بکەن پاشان پێشکەشی بکەین ،بۆ هەڵبژاردن. ڕێگەی بە تاك نەئەدا بە تەنها خۆی هەڵبژێری بەڵام لە یاسای عێراق ئەو مافە دراوەتە تاك قەوارەیەکی سیاسی پێك بهێنێت کە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنە بەڵام ئەو قەوارەیە ناکرێت لە یەك کەس پێك بێت ئەکرێت لانی کەم لەسێ کەس پێك بێت ئەبوو یەك کەس خۆی بپاڵێوێت بەلام ئەبوو دوو ناوی کەش

لەگەڵ خۆی دابنێت ئەو کاتە کە سەرجەمی ئەندامانی لیستەکە بو، بە سێ کەس وەکو قەوارەیەکی هەڵبژاردن حسابی بۆ بکرێت ئەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت و وە ئەو هەڵبژاردنە لەسەر لیستی هیچ حزبێك نابێت، بەم جۆرە ئەم کێشەیەی لە یاسای( ٩٢) هەبوو توانی یەکسەر چارەسەری بکەن ئەوەی تۆش باسی دەکەیت ئەکرێت ئەمە لە هەرێمیشدا جێبەجێ بکرێت ، لەدوا هەڵبژاردنی ئێمە، خەڵکانێك هەبوون ،کە خۆیان لیستی خۆیان دروست کرد. توانیان خۆیان بپاڵێون بەلام، نەیان توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنن.

**– ئەم یاسایە لە پەرلەمانی عێراقدا جێبەجێ کراوە، بەڵام لە یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا هەر یاسا کۆنەکە جێبەجێ دەکرێت؟**

+ نا یاسای هەڵبژاردن لە عێراق دا یاسایەکی فیدراڵی ی، واتە لە کاتی هەڵبژاردندا یاسای پەرلەمانی پەیڕەوی دەکرێت یاسا کۆنەکە هەڵوەشایەوە بە کردەوە ئێمە ناتوانین یاسای هەڵبژاردنی خۆمان هەبێت .کە تایبەت بە هەرێمی کوردستان بێت ،کە هەڵبژاردنێك ئەبێت لە سەرانسەری عێراق دا یەك یاسای هەڵبژاردن ئەبێت.

**–: زوربەی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان دوای ئەنجامەکەی حزبە سیاسی و گروپەکان ڕخنەیان گرتوو،هۆی ڕەخنەکە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

+ ئەمە ڕەنگە زیاتر پەیوەندی بە یەکەم هەڵبژاردنەوە هەبێت لە ساڵی( ١٩٩٢)لە هەموو دنیادا کە هەڵبژاردن ئەبێت زوربەی جار دۆڕاوەکە گلەیی دەکات تانەوتەشەر لە نەزاهەتی هەڵبژاردنەکە ئەدات



بەڵام لە (١٩٩٢ )لای ئێمە وانە بوو، شتێکی تازە داهات ،لە ١٩٩٢ئەگەر تۆ سەیری ئەو یاداشتانە بکەیت کەحزبەکان بەرزیان کردۆتەوە بۆکۆمیسیۆنی سەر پەرشتیاری هەڵبژاردنەکان کەپێم وایە هەموو حزبەکان ،جگە لە( یەکێتی و پارتی) یاداشتیان داوە بە کۆمیسیۆن تانەوتەشەر لە نەزاهەتی هەڵبژاردنەکە ئەدەن تەنانەت خۆشمان ئەزانین لەناو یەکێتی و پارتیشدا ناڕەزای هەبوو، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە.کەواتە ئەوانەی کە براوە بوون ، ئەوانەی کە دۆڕاو بوون هەردووکیان گلەییان هەبوولە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە.

**– سەرەڕای گلەیی پێت وایە پرنسیپەکانی دیموکراسی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان پەیڕەو کرابێت؟**

+ لای ئێمە دیاردەیەك هەبووە ،بەتایبەتی لە( ١٩٩٢ )دەرکەوت پرۆگرامی حزبەکان هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، لە ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەران،ئەو کەسانەی کەدەنگیان بە حزبەکان دەدا لەسەر ئەو بنەمایە دەنگیان دەدا ،کە فلان حزبیان ئەوێت حەزەکەن ئەو حزبە دەربچێت ،سەیری پرۆگرامی هەڵبژاردنی حزبەکانیان نەدەکرد. ئەم حزبە بەڵێنی چی داوە وە ئەیەوێ چی بکات؟ئەمە یەکێکە لەوکەم و کوڕیانەی کە لە ئەقلیەتی هەڵبژێری کوردستاندا بەدی ئەکرێت.

**– کەواتە دەنگ دانەکە ووشیارانە نەبوە ؟**

+ مەسەکە پەیوەندی بە ڕۆڵی هۆشیارانەی خەڵکەوە نی یە من پێم وایە ،بەشێك لە حزبەکان خۆیان نایانەوێت خەڵکەکان لە ڕووی هۆشیاریەوە هۆشیار تربن. ئەیانەوێت ئەوئەقلیەتەی کە زاڵە بەسەریانا ئەوەیان بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە دواکەوتنی

ئاستی زانیاری هەڵبژاردنی ئەو کەسانە وەربگیرێت لەبەر ئەوە ڕەنگە هەندێ حزب هەبێت، بەرژەوەندی لەوەدا بێت کە ئاستی زانستی خەڵك بەرزبێتەوە،چونکە کە ئاستی ئەم بەرز بووەوە ئەتوانێت باش و خراپ لە یەك جیابکاتەوە .بەڵام بەشێك لەو حزبانەش قازانجی لەوەدانیە ،کە ئاستی زانستی خەڵك بەو ڕادەیە بەرز بێت کە بتوانێت باش و خراپ لە یەك جیابکاتەوە ئەیەوێت وەك چۆن پێش ١٠ ساڵ دەنگی بە حزبێکی خراپ داوە بۆ نموونە ئەیەوێت بە هەمان شێوە دەنگ بەو حزبە بدات. واتە بۆ چونێکی پارێزگارانە، زاڵە بەسەر دیدی حزبەکان بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن.

**– لە هەموو دنیا ئەتوانم بڵێم ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و دامەزراوە مەدەنیەکان ڕۆڵ ئەبینن لە هەڵبژاردنەکان دا ،ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ئێمە تا چەند ڕۆڵیان هەبووە؟**

+ ڕۆڵیان زۆر کەم بوو، چونکە پەیدا بوونی ڕێکخراوی مەدەنی لە کوردستاندا پێشینەیەکی زۆر دوور و درێژی نی یە ئەمە داهێنانێکە تازە داهاتووە،ڕەنگە لە شوێنێکی تر زۆر ڕۆڵی گەورە و کاریگەری هەبێت لای ئێمە ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە، زیاتر لە شارە گەورەکان دا هەیە،ئێمەوەکو شاری گەورەش تەنها سێ شارمان هەیە ئەوانە ناتوانن لەو سێ شارە زیاتر ڕۆڵی گەورە ببینن لە کاتێکدا بەشێکی زۆری دەنگدەرەکان لە شارە بچووکە دواکەوتوەکانن لە ناوچە لادێی یە هەرە دواکەوتووەکان ئەژین وە تەنانەت زۆر جار ئەوان مەسەلەی هەڵبژاردن و دەرچوونی حزبێك یەك لای دەکەنەوە.



**– بە شێوەیەکی گشتی، لە هەڵبژاردنە گشتیەکان زیاتر پرنسیپی دیموکراسی لەبەر چاو دەگیرێت،نەك لە هەڵبژاردنە حزبی یەکان بۆ؟**

+ بە شێوەیەکی گشتی حزبەکانی کوردستان لەو حزبانەن کە کەمترین هەڵبژاردنیان تیا ئەکرێت تا ئێستا هەندێ حزب هەر هەڵبژاردنی تیا ناکرێت، ئەوەی کە باوە. لە ناو حزبە کوردیەکان ئەوەیە کە هەڵبژاردن تەنها بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە ئەنجام دەدرێت ،بەڵام بۆ هەڵبژاردنی کاربەدەستان وبەڕێوەبەرانی ئۆرگانەکان کەمترین هەڵبژاردن لەو حزبانەکراوە. پێموایە، لە ناو یەکێتی دا تاکە حزب بێت کە هەڵبژاردنی بۆ ئۆرگانەکان کردبێت ئەگینا لەناو حزبەکانا مەسەلەی ئۆرگانەکان بە دانان ئەبێت نەك بەهەڵبژاردن،من پێموایە، ئەگەر ئەمە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەرەو پێش بچێت ،حزبەکە بەرەو پێش ئەبات بە مەرجێك کەس گومان لە نەزاهەتی هەڵبژاردنەکە نەکات بەڵام، ئەگەر بە کەم و کوڕی بەڕێوە بچێت کاریگەری زۆر خراپی ئەبێت، لەسەر دیدی خەڵکەکە بۆ نەزاهەتی هەڵبژاردنەکە لە داهاتوودا.

**– لە هەڵبژاردنە حزبی وحکومیەکان دوای هەڵبژاردن کۆمەڵێك خەڵك دەردەچن ماوەیەکی کەم لەشوێنی خۆیان دەبن دوای لادەچن ئەم لابردنە، تاچەند لەگەڵ سیستەمەکانی دیموکراتی و هەڵبژاردن دەگونجێت؟**

+ لەم ڕووەوە ئەگەر ئێمە پەیڕەوی سیستەمی دامەزراوەکان بکەین هەموو دامەزراوێك ماوەیەکی دیاری کراو بۆ هەرکاربەدەستێك دائەنێت ئەگەر کار بەدەستەکە، خۆی دەستی لە کارنەکێشایەوە

بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ئەتوانێت بەردەوام بێت، لەسەر ئەو کارەی تائەو کاتەی ماوەکەی کۆتای دێت لای ئێمە بەداخەوە سیستەمی دامەزراوەکان بەڕێوە ناچێت،لەبەر ئەوە ممکینەکەسێك پۆستێکی زۆر گرنگی پێبدرێت، پاش ماوەی مانگێك یان ساڵێك لەو شوێنە لابرێت کەسێکی نەشیاو لەجێگەیەی دابنرێت لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە سیستەمی دامەزراوەکان بەکار بهێنی، ئەکرێت دەرفەتێکی گونجاو بۆ ماوەیەکی باش بۆ ئەو کەسە، برەخسێنێت ،کە بتوانێت بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات. ئەگەر ئێمە کارێکی وابکەین، لێپرسراوەکان زوو زوو بگۆڕین ڕەنگە شێواویەك لەناو ڕێک خراوەکاندا دروست ببێت بەهۆی ئەوەی هەرلێپرسراوێك، دەست بە بەرنامەیەك ئەکات و بەڵام کۆتایی پێناهێنێت پاشان لائەبرێت و یەکێکی تر ئەچێتە جێگەی. ئەمیش دەست بەبەرنامەیەك ئەکات و ڕەنگە نەتوانێت کۆتایی پێبهێنێت کەسێکی تر جێگای بگرێتەوە بەهۆی ئەمەوە هیچ بەرنامەیەك بە کۆتای هاتن ناگات ئەمە شێواوی دروست ئەکات لەبەر ئەوە دەبێت لە ڕووی دەستووری یەوە چ دەستوورەکە هی هەرێم بێت یان هی ڕێکخراوەکە بێت یان هی حزبەکە بێت ،ماوەی دیاری کراوی یاسای بۆ ئەو کەسە دیاری بکرێت کە بتوانێت تواناکانی خۆی لەوێ تاقی بکاتەوە وە ئەگەر سەرکەوتوو بوو، ئەتوانێت لەو شوێنە بمێنێتەوە و ماوەکەی درێژ بکرێتەوە یاخود بەشێوەیەکی یاسای خۆی بۆ دیاری بکرێت تا دوو خول یان سێ خول یان چوار خول لەوێ دەمێنێتەوە .



**– حزب بۆی هەیە کەسێك لابدات لە حاڵەتێکدا خەڵك دەنگی بەو کەسانە داوە چەندین منافسیان هەبووە، ڕاستە یەکێتی، پارتی پشگیری کردووە لە هەڵبژاردنەکان ؟**

+ من ئەمەوێت سەرنج بۆ خاڵێکی گرنگ ڕاکێشم لە هەموو وولاتان پاش ئەوەی کە حزب کەسێکی یان ئەندامێکی خۆی بۆ پۆستێکی حوکمەت دیاری ئەکات ،ئەو کەسە لە هەڵبژاردن دەرئەچێت، دەسەڵاتی حزب لەسەر ئەو کەسە کەم دەبێتەوە نموونەت بۆ بهێنمەوە" پارتی کۆماری" لە هەڵبژاردنە حزبی یەکانی خۆی جۆرج بۆشی هەڵبژارد کە ئەمە دەبێتە نوێنەری ئەو ئەبێتە پاڵێوراوی ئەو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە"جۆرج بۆش "چووە هەڵبژاردن و سەرکەوتنی بەدەست هێن، نابێت ملکەچی حزبەکەی بێت و ناکرێت سەرۆکی ئەو حزبە ڕێنمایی بکات و سیاسەتی حزبی بەسەردا بسەپێنێت،کە ئەو کەسە بۆپۆستەکە دەرچوو، ئەمە دەسەڵاتی تەواوی خۆی هەیە جیاوازە لە دەسەڵاتی ئەو کاتەی کە ئەندامێکی ناو حزبەکە بوو لێپرسراوێتیەکانی زۆر گەورە تر ئەبن لەوەی کە پێش هەڵبژاردن هەی بووە لە هەمان کاتدا ئەو پۆستێکی وای وەرگرتووە کە چارەنووسی چەندەها ملیۆن کەسی لەبەر دەستایە جیاوازە لەوەی کە ئەندام بووە هیچ پۆستێکی لەبەر دەستا نەبووە تەنها کاری حزبی کردووە پێم وایە، لە هەموو دنیا وایە ئەگەر دیموکراسیەکە دیموکراسیەکی پتەو سەقامگیر و باش بێت ،ئەگەر ئێمە کەسێکمان هەڵبژارد بۆ پۆستێکی دیاری کراو، ئەو کەسە توانی لە هەڵبژاردنەکان دا دەربچێت پۆست وەربگرێت ،ئەو کەسە ئەبێت

ئازاد بێت لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی خۆی،نابێت وەك حزبیەك هەڵسوکەوت بکات ئەگەر وەك حزبیەك هەڵسوکەوت بکات پێم وایەناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت .

**– ئەگەر بەرپرسی شوێنێك دەستی لە کار کێشایەوە، لەهەمان کاتیشدا جێگری هەبێت حزب ئەتوانێت کەسێك دابنێت یان بەپێی یاسا جێگرەکەی جێگەی ئەگرێتەوە ؟**

+ لەناو حزبی سیاسی کورد و لەناو بیرکردنەوەی سیاسی کورد، خراپترین سیستەمی جێگرایەتی لە هەموو جیهانا لای ئێمە هەیە ،واتە کەیەکێك ئەکرێتە جێگر هیچ دەسەڵاتێکی بۆ دیاری ناکرێت بۆ نموونە: کە بۆ یەکەم جار یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم دانرا سەرۆکی هەرێم هیچ جێگرێکی نەبوو، هۆکەشی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە بیرکردنەوەیەکی وا لە ئارادایە لای ئێمە کە سەرۆك ئەبێت دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت ، پێویستی بەوە ناکات، کە جێگری هەبێت پاشان دەسکاری ئەم مەسەلەیە کراو جێگرێکی بۆ دیاری کرا.ئەگەرسەیری هەموو حزبەکانی کوردستان بکەین، هەموویان سەرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هیچ یەکێك لەو سەرۆکانە جێگرێکی دەسەڵات داری نیە وئەمە ڕێسایەکی گشتی یە لەناو هەموو حزبەکان دا.

**– بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین جێگر تەنها ڕەمزێکە؟**

+ بە شێوەیەکی گشتی وەکو باسم کرد. لای ئێمە سیستەمی جێگرایەتی هیچ ڕۆڵێکی نەبووە ،سەرۆك هەمیشە دەسەڵاتی بەدەست بووە ،وە هەستی کردووە، کە پێویستی بە جێگر نەبووە



،هەر چەندە ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو کاتەی ئیدارەی سلێمانیمان هەبوو، دیدێکی جیاوازمان بۆ ئەم مەسەلەیە نەبوو بۆ نموونە: کاتێك کاك کۆسرەت سەرۆك وەزیران بوو ماوەیەك هیچ جێگرێکی نەبوو، وەهەندێك قۆناغ هەبوو، جێگرێکی هەبوو، هەندێك قۆناغ هەبوو، دوو جێگری هەبوو. واتە ئێمە سیستەمێکی دیاری کراومان بۆ مەسەلەی جێگرایەتی نەبووە ،ئیمە لە حزبیشا وابووین. بۆ نموونە :پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان باس لە بوونی جێگر بۆ سکرتێری گشتی ناکات هیچ پۆستێك نی یە لە پەیڕەوی ئێمە بە ناوی جێگر لە هەندێ قۆناغدا سکرتێری گشتی یەك جێگری هەبووە بەڵام ئێستا ئەبینین دوو جێگری هەیە وە مومکینە ئەگەر بمانەوێت ئەکرێت سێ جێگری هەبێت چونکە مەسەلەکە بەکراوەی هێڵدراوەتەوە بەلاَ، ئەم مەسەلەیە ئەبێت ،ڕێك بخرێت وەدەسەڵاتەکانی جێگریش دیاری بکرێت بۆئەوەی ئێمە بتوانین لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان دا خۆمان بگونجێنین.

**– هۆکارەکانی جێگر دانان لە هەر شوێنێك چ سەرۆکی هەرێم،جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هۆکارەکان چی یە؟ و بۆچی لە کۆنفرانسێکا کادرانی حزب پێشنیار دەکەن کە جێگرێك هەبێت؟**

+ من پێم وایە، ئەمە زیاتر پەیوەندی بەبیر کردنەوەی ڕۆژهەڵاتیانەوە هەیە لە هەموو ڕۆژهەڵاتا هەمیشە سەرۆك ،زۆرترین دەسەڵاتی هەیە .وە ئەو سەرۆکە ئەوەندە بەتواناو شارەزایەکە، پێویستی بە جێگر

نەبووە وە ئەمە شتێکە باوە بۆ نموونە گەورەترین سەرۆك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جمال عبدالناصر) بوو، کە جێگرەکەی هیچ دەسەڵاتێکی (ساداد) نەبوو جێگرەکەی هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، (حافز ئەسد) جێگرەکەی هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو،لە عێراقیش کە نموونەیەکی زۆر خراپی جێگرایەتی هەبوو (صدام) وەکو سەرۆك کۆمار جێگرێکی کوردی هەبوو، کە بەتەواوەتی بەشێوەیەکی ڕەها هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نەبوو. بەڵام، لە ئاستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش جێگرێکی هەبوو ئەو جێگرەش عێراقی یەکان زۆر نوکتەیان لەسەر دانابوو، چونکە ئەویش دەسەڵاتێکی دیاری کراوی نەبوو ،لەبەر ئەوە لە ڕۆژهەڵات مەسەلەکە سیستەمی جێگرایەتی سیستەمێکی لاوازە ئێمەش وەکو بەشێك لە ڕۆژهەڵات ئەمەمان بە میرات بۆ ماوەتەوە. بەڵام لەبەر ئەوە، ئێمە گروپە هەرە دواکەوتووەکەی ڕۆژهەڵاتین، سیستەمی جێگرایەتیش بە خراپ ترین شێوە ڕەنگ ئەداتەوە.

**– کەواتە جێگر ڕازی کردنی کەسی بەرامبەرە بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی گشتی یە؟**

+ نا من پێم وایە، ئەمە پەیوەندی بە سیستەمی دامەزاوەکانەوە هەیە ئەگەر سیستەمی دامەزراوەکان هەبێت پێویست بەوە ئەکات ،کە پۆستێك بە ناوی جێگرەوە هەبێت ئەم جێگرە چ جێگری سەرۆکی هەرێم بێت چ جێگری سەرۆك وەزیران بێت چ جێگری حزبێك بێت تەنانەت جێگری وەزیرێکیش بێت بەڵام ئەمە مەرجەکەی، ئەوەیە، کە ئەو سیستەمە، سیستەمی دامەزراوەکان بێت ،بەڵام ئەگەر



سیستەمەکە سیستەمی دامەزراوەکان نەبێت بوونی جێگر وەکو دیکوری لێدێت.جێگر هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ،هیچ دەسەڵاتێکی نیە. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە ئەچینەوە سەر ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە سیستەمی جێگرەکانەوە هەیە بە مانای ووشە بوونی جێگر خۆی لە خۆیدا لە خۆیدا بایەخێکی تایبەتی نی یە بەڵام بایەخەکەی لەوەدایە، ئەگەر سیستەمەکە سیستەمی دامەزراوەکان بوو، بوونی جێگر زۆر گرنگە. بەڵام ئەگەر سیستەمەکە سیستەمی نادامەزراوەکان بوو بوون و نەبوونی، وەك یەکی لێدێ.

**– بۆچی گەنج نەیتوانیوە بێتە پێشەوە لە هەڵبژاردنەکان دا ، ئایا حزبە سیاسیەکان هۆکار نەبوون یان گەنج خۆی نەیتوانیوە؟**

+ ئەم پرسیارە ئاڵۆزە ئەبێت زۆر ڕوون بکرێتەوە وە تۆمەبەستت بۆ پەرلەمان یات بۆ حزبەکان ؟

**– بەشێوەیەکی گشتی بۆ پەرلەمان وحزبەکانیش،بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت حزبێك هەمیشە زیندوو بێت ئەبێت نەوەی تازە بێتە ناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە هەڵبژاردنەکان پشگیری بکرێت.بەڵام پێت وانیە لە ناو حزبە کوردیەکان دا بە شێوەیەکی گشتی نەیان توانیوە گەنج و نەوەی تازە بێنە ناو سەرکردایەتی یەوە یاخود بڵێن ڕەنگە کورسی یەکە خۆشەویست بێت لەلای ئەوانە کە پێش تر ماوەیەکی زۆر سەرکردایەتی حزبەکانیان کردووە؟**

+ کێشەی ڕاکێشانی گەنجەکان بۆ سیاسەت و حزبایەتی کردن کێشەیەکی ئاڵۆزە وە هەموو نەوەیەکیش بیر کردنەوەیەکی هەیە کە

جیاوازە لەبیرکردنەوەی نەوەی پێشوو ئەگەر ئێمە بمانەوێت،لە بیر کردنەوەی ئەم نەوەیەی ئێستا بگەین ئەبێت بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ دابنێین،بۆ ئەوەی بتوانین ڕایان بکێشین بەلای خۆماندا. بەڵام بەداخەوە پێم وانی یە ئێمە هیچ بەرنامەیەکمان لەم ڕووەوە هەبێت. بیر کردنەوەی ئەم نەوەیە، زۆر جیاوازە لە بیر کردنەوەی ئێمە بیرکردنەوەیەکی ئەبێت، کە پاشان لەگەڵ بیرکردنەوەی نەوەی پاش خۆی ناگونجێت بە بۆچوونی من، هەموو حزبەکانی کوردستان حزبی پیرن وە تا ئێستا هیچ حزبێکی گەنج پەیدا نەبووە، من لەگەڵ ئەوەونیم حزبەکان هەڵوەشێنەوە بەو بیانووەیەی کە پیربوون. چونکە لەگەڵ پیریا حیکمەت و تێگەیشتنیش زیاد دەبێت،بەڵام ئەگەر دەرفەتی تازە کردنەوەی حزبەکان و میکانیزم کردنەوەی حزبەکان لە ئارادا بێت، ئەمە چاکترین دەرفەتە، بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ هەڵ و مەرجی تازە و بۆ ڕاکێشانی گەنجەکان ئەگەر بتوانن ئەوە بکەن، پێم وایە سەرکەوتوو ئەبین.

– بەئاسانی جیگا بۆ گەنجەکان چۆڵ دەکریٚ؟

+ مەسەلەی جێگا چۆڵ کردن نییە ،چونکە هەر کەسێك کاربەدەست بوو، لە شوێنێك خۆ بۆ هەتا هەتای لەو شوێنە نامێنێتەوە هەر ئەبێت، کەسێك پاش ئەو جێی بگرێتەوە و درێژە بەکارەکان بدات بەڵام،هەلومەرجێك لە کوردستان دا هەیە ڕەنگە جیاواز بێت، لە هەموو هەڵومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وولاتە پێشکەووتووەکا، تەنانەت لە بەشێکی خودی ڕۆژهەڵاتیش، کە حزبێك بێتە سەرکار پێش ئەو حکومەتێك هەبووە ،لای ئێمە مەسەلەکە بەو جۆرە نی یە



بۆ نموونە پێش ئەوەی ئێمە دەسەڵات پەیدا بکەین لە کوردستان حوکمەتێك نەبوو ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت حکومەتی هەرێم زادەی خەباتی حزبەکانە لەبەر ئەوە پەیوەندیەکی زۆرپتەو لە نێوان حزبەکان وەك مامان و حکومەت وەك نەوزاد هەیە ئەم پەیوەندی یە لە هەموو ئەو وولاتانەی کە هەڵبژاردنیان تیا ئەکرێت نیە بۆ نموونە ئێستا پارتی دادو پەرەپێدان لە تورکیا حوکمەی وولات ئەکات حوکمەتێك هەبووە پێش ئەو حوکمی وولاتی کردووە ،ئەو کە دەسەڵات ئەگرێتە دەست ئەو بەشێکە لە زنجیرەیەك حزب کە هاتوون دەسەڵاتیان لەو وولاتە گرتۆتە دەست واتە ئەو مامانی حکومەتەکە نی یە وە ئەو دروست کەر وپەیداکەری حکومەتەکە نی یە بۆ ئەوەی منەتێکی زۆر بەسەر خەڵکەوە بکات و بڵێت ئەگەر من نەبوومایە ئەو حکومەتەش نەدەبوو، لای ئێمە وەکو ئەوەی تورکیا و وولاتانی ترنییە،ئەگەر ئەو حزبانەی ئێمە نەبووایە ئەو حوکمەتەش نەئەبوو.لەبەر ئەوە، پەیوەندی یەکی زۆر پتەو لە نێوان ئەو حزبانەو حکومەت هەیە وە کارێکی وای کردووە کە ئەو حزبانە خۆیان بە مامانی حکومەت دائەنێن و منەتیش بەسەر خەڵکەوە بکەن کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەو حکومەتە نەدەبوو، ئەو هەرێمە نەدەبوو، ئەو دیموکراسی و هەڵومەرجەی ئێستا لە کارادایە ئەوەش نەئەبوو ئەمە مەسەلەکەی تۆزێك ئاڵۆز کردووە. لەبەر ئەوەکە نەوەیەك پەیدا ئەبێت و هەندێك هەڵو مەرجی تازە یان بیرکردنەوەی تازە لەگەڵ خۆی دێنێتە پێش،ڕەنگە حزبەکان لێی قبوڵ نەکەن، چونکە هەست دەکەن ئەوان کارێکیان کردووە خزمەتی ئەو نەوەیەشی تێدایە کە ئەوان

حکومەتێکیان بۆ دروست کردوون واتە ئەو حزبانە، زنجیرەیەك نی، لە چەندەها حزب کە پێش ئەوان هاتۆتە سەرکار و حوکمی ئەو وولاتەی کردووە ئەمان خۆیان بوونەتە هۆی ئەوەی  کە ئەو هەرێمە و ئەم حکومەتەو ئەم هەلومەرجە بێتەکایەوە. ئەمە کارێکی وای کردووە کە پەیوەندی یەکی تاڕادەیەك تەم ومژاوی لە نێوان بیرکردنەوەی ئەو حزبانە بۆ ئایندە و بیرکردنەوەی خەڵك بۆ ئایندە لە ئارادا بێت.

**– سیستەمەکانی هەڵبژاردن بەڕای تۆ تاچەند بەربەست بووە، بۆ هاتنە پێشەوەی گەنج ؟**

+: من پێم وانییە مەسەلەکە بەو جۆرە بێت و سیستەمەکە خۆیان ڕێگر بووبن لە هاتنە پێشەوەی گەنجەکان،تۆ  کۆمەڵێك دەنگدەرت هەیە ئەوان دەنگی خۆیان ئامادە کردووە بیدەن بەو گروپەی بە شایستەی ئەزانن کۆمەڵێك گەنج لەپێشیانە و کۆمەڵێك حزبی شایستەو دێرین لە پێشیانە ،گەنجەکە هەڵنابژێرن چونکە گەنجەکە، تازە هەڵکەوتووە ئەزموونی نی یە هێشتا لێی دڵنیا نین ،کە بتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات. لەبەر ئەوە گەنجەکان فەرامۆش ئەکەن و پشت گوێی ئەخەن و دەنگ بەو حزبانە ئەدەن کە توانیویانە لایەنی کەم لەکاتی خەبات و تێکۆشانا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن من پێم وایە، مەسەلەکە بەو جۆرەیە بەلاّم، ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت، کە حزبەکان خۆیان ئەتوانن سوود لە ڕۆڵ و توانای گەنجەکان وەربگرن هەر چەندە لەم ڕووەوە تا ئێستا بەرنامەیەکی



وورد و ڕێك و پێك نی یە. بەلاّم ئەگەر حزبەکان بتوانن ئەم کارە بکەن بۆ خۆیان باشە بۆ خۆشیان ئەتوانن گەشە بکەن.

**– لەناو لیستی حزبەکان بۆ نموونە،  یەکێتی وپارتی کۆمەڵێك لیستیان داناوە کە ئەمانە بۆ ئەندامی پەرلەمان یاخود بۆ هەر پۆستێکی تر بەلاّم کە دێنە سەر ئەساسی دانان گەنجەکان زیاتر فەرامۆش ئەکرێن.**

+ ووشەی گەنج ووشەیەکی تەم و مژە،گەنج تەنها ئەگەر وا سەیری بکرێت ئەمە گروپێکی تەمەنە واتە بۆ نموونە بڵێین لە ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ بە گەنج یژمێردرێت لە ناو لیستی هەموو حزبەکانا ئەو گروپی تەمەنە هەیە بەلاّم ئەو کەسە یان ئەو چەند کەسەی لەو لیستانەدان و لە تەمەنی ٢٠تا٣٠ ساڵدان ئایا ئەوانە نوێنەرایەتی گەنجەکان ئەکەن؟ مەسەلەکە لەوەدایە، ئایا ئەوان ئەتوانن نوێنەرایەتی گەنجەکان بکەن؟ من بەگومانم گەنجەکان خۆیان ناتوانن کەسێك دیاری بکەن ببێتە نوێنەریان واتە گەنج تەنها گروپێکی تەمەنە ئەوەی کۆیان ئەکاتەوە تەنها تەمەنەکەیە کەتەمەنیان لە یەکەوە نزیکە بەلاّم بیرکردنەوەیان ئاستی کۆمەلاّیەتیان و ئاستی زانستیان و پێشینەی سیاسیان زۆر لەیەك جیاوازە. ئەمە وا ئەکات کە گەنج وەك گروپێکی کۆمەلاّیەتی گروپێکی زۆر کاریگەری نەبێت لە کۆمەڵدا.

**– پێت وایە لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئەگەر لە هەڵبژاردندا زۆرینەی گەنج دەرچوون پێت وایە سەرکردایەتی یەکێتی قبوڵ بکات؟**

+ ڕێسایەکی گشتی هەیە.کە لە هەموو جیهانا پەیڕەوی ئەکرێت ئەویش ئەوەیە کە هیچ حزبێك لە کۆنگرەی خۆیدا دەسەڵات بە گەنجەکان تەسلیم ناکات بەڵام مومکنە ئاوێتەیەك دروست بێت . بۆ نموونە لە٢٠٪،٣٠٪ گەنج و ژن بن مومکینە بەو جۆرە بتوانین گەشە بکەین بەڵام، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە ،کە سەر تاسەری حزب هەمووی بگۆڕین و کەسانی گەنج بێتە پێش من پێم وایە حزبەکان بەرەوهەڵوەشاندن دەچێت چونکە ئەو گەنجانە هیچ گرینتیەکی نییە ،کە ئەتوانن درێژە بە خەباتی ئەو حزبە بدەن و وە بتوانن ناوی ئەو حزبە بپارێزن و جەماوەری ئەو حزبەش بەلای خۆیانا ڕابکێشن؟ یاخود وەکو جەماوەری حزبەکەی خۆیان بیان هێڵنەوە.

**– کەواتە دڵنیا نەبوون ،لە گەنج هۆکارە بۆ ئەوەی کە نەتوانن باوەڕیان پێ بکەن؟**

+ ئەمە نیوەی مەسەلەکەیە،نیوەکەی تری ئەوەیە کە ئایا ئەو گەنجە خۆی شاسیتەی ئەوەیە کە بگات بە سەرکردایەتی یان نا؟ چونکە مەسەلەکە وەکو ووتم ئەگەر تۆ گەنج وا حساب بکەیت،کە ئەمە گروپێکی تەمەنە مومکنە ئێمە لەو گروپە چەند کەسێك هەڵبژێرین وە ئەو کەسانە ،چەند کەسێك بێت لە خراپترین سەرکردەکانی ناو حزبەکە ،یانلە ئایندەدا ببنە خراپترین سەرکردەکانی ناو حزبەکە چونکە ئێمە لەسەر بنەمای لێوەشاوەی هەڵیان نابژێرین، لەسەر بنەمای تەنها گروپی تەمەن هەڵیان ئەبژێرین، ئەمە مەسەلەی ژنان ئەگرێتەوە ئەگەر ئێمە تەنها لەو ڕوانگەیەوە کار بکەین کە ژن بگات بە سەرکردایەتی هەر لەبەر ئەوەی ژن پێم وایە ئێمە سەرکەوتوو



نابین ئەبێت پێوانەکانانمان لێوەشاوەی و کارامەیی بێت ئەمە پێوانەیی یەکەم بێت ئینجا پاشان ئەمە پراکتیزە بکەین لەسەر گروپەکانی تەمەن و بۆ دیاری کردنی گەنجەکان و بۆ لایەنی ڕەگەز بۆ هەڵبژاردنی چەند ژنێکی بەتوانا.

**– زۆربەی هەڵبژاردنەکان تەوافقێکی هەیە بە تایبەتی لە ناو حزبەکاندا پێت وایە توافق بنەما دیموکراسیەکانی هەڵبژاردن پێکدێنن؟**

+ زۆر جار بنەماکانی دیموکراسی، پێشێل دەکات بەڵام بیانووە سەرەکیەکەی پەیدا بوونی تەوافق ئەوەیە ،کە زۆر جار ڕێی لە پەیدا بوونی گرژی گەورە تر گرتووە،ئەگەر مەسەلەی توافق، بۆ ڕێگربێت لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و پەیدا بوونی قەیرانێکی سیاسی لە ووڵاتدا من خۆم پشتگیری لە تەواقفەکە ئەکەم. بەڵام ئەگەر تەوافقەکە بووە ،هۆی ڕێگرتن لە گەشەکردنی ژیانی سیاسی لە ووڵاتدا من پێم وانیە ئەمە بتوانێت تاسەر سەر بگرێت و ئەم جۆرە تەوافقە خۆی ئەبێتە کێشە بەڵام ئەگەر لە جۆری یەکەم بێت من ئاشتیەکەم پێباشترە لە سەر و سەوداکە.

**– ئەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بێت نەوەك درێژ خایەن؟**

+ تەوافق نیە بۆ هەتا هەتایی حەزدەکەم باسی شتێك بکەم تەوافق ڕەهەندێکە لایەنی ئارەزوو مەندانەی تێدا نی یە ڕەهەندێکە هەڵومەرج ئەی سەپێنێت، بەسەر گروپە سیاسی یەکان دا کە پەیڕەوی بکرێت یان نەکرێت.

**- لە هەڵبژاردنی کوردستان ،یەکێتی و پارتی بە تەوافق قیسمەکانیان هەڵبژاردووە؟**

+ من ئەمەوێت لێرەدا شتێك باس بکەم، هاوپەیمانی ستراتیژی لەنێوان یەکێتی و پارتی ڕاگەیەنراوە من پێم وایە ئەمە ئەبێت لەسەر دوو ئاست بکرێت، ئاستی یەکەم: ئەوەیە کە ئەم هاوپەیمانی یە ستراتیژی یە لەبەر هەلومەرجی ئێستای کوردستان و عێراق ڕەنگە شتێکی زۆر پێویست بێت ئەمە لەسەر ئاستی گشتی. بەڵام لەسەر ئاستی تایبەتی ،سەیری مەسەلەکە بکەین من بەو جۆرە سەیری ئەکەم ئەمە ڕەنگ دانەوەی دڵنیا نەبوونە، لە بردنەوەی هەڵبژاردن دڵنیا نەبوو، لە چوون بۆ هەڵبژاردن و بردنەوەی بەتاك بۆ نموونە ئەگەر هەرکام لە یەکێتی و پارتی دڵنیابوونایە کە ئەتوانن لە٥٠٪زیاتر لە هەڵبژاردن دا بەدەست بهێنن پێویستیان بەو هاوپەیمانی یە نەئەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ کامێکیان دڵنیانین لە بەدەست هێنانی سەرکەوتنی تەواو ئەو هاوپەیمانی یە ئە بێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان هەردووکیان وەك حزبی دەسەلآت دابمێنێتەوە وە ئەتوانێت ڕێ لەوەش بگرن، کە حزبێکی تر پەیدابێت کە دەسەلآتیان لێبسێنێتەوە رەنگە بە تەنها بۆ ئایندەش نەتوانن مونافەسەی حزبە تازە هەڵکەوتووەکان بکەن بەڵام ئەگەر هەردووکیان یەك بگرن ئەتوانن لە ٥٠٪ زیاتر بەدەست بهێنن و دەسەلآت بگرنە دەست. من پێم وایە لەسەر هەر دوو ئاست سەیری مەسەلەکە بکرێت.



**-: پێت وانی یە لە داهاتوودا ،پاشماوەیەکی خراپ بەجێ بهێڵت بۆ نموونە ئەو تەوافقە دائەبەزێتە ناو ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش داوا ئەکرێت تەوافق هەبێت لە ناو هونەرمەندان ، نووسەران ، ڕۆژنامەنووسان ئەمە نابێتە نەریتێکی خراپ لە ناو کۆمەڵگەدا؟**

و: ئەمە ڕەنگە بۆ ماوەیەك تەوافقەکە، پێویست بێت پاشان کاتێك کە پێویستی یەکانی مانەوەی نەما، خۆی لەبەر یەك هەڵەوەشێتەوە و نامێنێت.

**- ڕاستە ئەگەر لە حزبە سیاسی یەکان پێویست بێت بەڵام، لە ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتی یەکاندا بۆ پێویستە ئەو تەوافقە هەبێت؟**

+ ئەو ڕێکخراوانە ئەگەر سەربە حزبەکان بن هەرچی لەناو حزبەکان دا ڕوو ئەدات ڕەنگ ئەداتەوە لە ناو ئەوانیشدا. بەڵام ئەگەر ئەو ڕێکخرا و سەندیکایانە سەربەخۆ بن، پێویست بەو تەوافقە ناکات بەڵام بوونی تەوافق لەناو ئەو ڕێکخراوانە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوانە لە ناوەڕۆك دا سەربەخۆنین بەشێکن لەو حزبانە، لەبەر ئەوە مادام تەوافق لەوێ هەیە ڕەنگە لەناو ئەوانیش پێویست بکات .

**- بەڕای تۆ چەند پێویستە لایەنەسیاسی یەکان دەزگا و ناوەندی تایبەت دامەزرێت بۆ هوشیاری هەڵبژاردن بۆ نموونە دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی هەیە ئەم دەزگایە تا چەند ئەتوانێت کاریگەری هەبێت ؟**

+ ئەگەر ئەو دەزگایانە دیکۆر نەبن ،مانەوەیان زۆر گرنگە دووەمیشیان کاریگەری زۆر باشی ئەبێت بەڵام ئەگەر زۆر دەزگای تر تەنها بۆ دیکۆر بن پێم وانی یە هیچ کاریگەری یەکیان هەبێت.

**– چۆن ئەتوانن سەربەخۆ بن؟**

+ من پێم وانی یە سەربەخۆ بن بۆ نموونە، ئەو دەزگایەی ئێوە دەزگایەکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دایمەزراندووە ئەبێت کارەکانی بە جۆرێك بکات کەنەپەیوەندی بەکەسێکی دیاری کراوەوە هەبێت نە پەیوەندی بە تەکەتولێکی دیاری کراوەوە هەبێت بەڵام، لە هەمان کاتدا، ئەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن، ئەو کەسانەن دانراون کە تەکەتولێك هەموو ئەندامەکانی ئەم دەزگایە دیاری بکات لەبەر ئەوە ئەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەوان بەجێ بهێڵێت.

**– دەزگاکە  سەر بە مەرجەعێك بێت تەوجیهات لە کوێ وەرگرێت؟**

+ بە شێوەیەکی گشتی خۆی نابێت تەوجیهات لە کەس وەر بگرێت. خۆی دەبێت بوودجەیەکی دیاری کراوە بۆ دیاری بکەیت، کارەکانی بە شێوەیەکی ئەنجام بدات ،کە سەربەخۆی پێوە دیار بێت وە ئێمە لە عێراق دا دەزگای کۆمسیۆنی بالآی هەڵبژاردنمان هەیە. کە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ زۆر سەرکەوتوو بووە بەڵام ئەو پێکهاتەیەی کە ئێستا لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کرا، کەرتەیەکی حزبایەتی یە یەکێك لە بنەماکانی بوون، بە ئەندام لەو کۆمسیۆنە ئەوەیە، کە کەسەکە حزبی نەبێت لانی کەم کەسانێك بێت کە پەیوەندیان بە هیچ تەکەتولێکەوە نەبێت بەرژەوەندیان لەوەدا نەبێتکە فلان یان فیسا



دەربچێت، ئەگەر ئەوە دابین بکەین، ئەو دەزگایە ئەتوانێت تاڕادەیەکی زۆر نەزاهەنی هەڵبژاردنەکان دیاری بکات .

**– لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دا ئەگەر کەسێکی حزبی بێت پێت، وایە ئەو کەسە وەك بێلایەن کار بکات لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دا؟**

+ نا پێم وانیە خۆی یەکێك لە ڕەخنەکانی نەتەوەیەگرتووەکانیش لەسەر هەیەتی پێك هاتەی ئێستای کۆمبسیۆنی بالآی هەڵبژاردنەکان لە عێراق دا ئەوەیە ،کە ئەو کەسانەی دانراون لە ستافەکەی ئێستا حزبین ئەوانەی پێشوو هیچ کامێکیان حزبی نەبوون وە لەهەموو جیهانیش ئەبێت کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەو کەسانەپێك بێت ،کە جزبایەتی ناکەن وخۆشیان هەڵنابژێرن بۆ هەڵبژاردن وە هیچ بەرژەوەندیان لەوەدا نییە کی دەر ئەچێت و کێ دەرناچێت.

**★ لە ژمارە( ٢ )ی گۆڤاری دەنگدان ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە**

رۆژنامەنووس ئیدریس شەیداهۆ:

# خۆزگە لەدایك نەبوومایە..



**+ وەك رۆژنامەنووسێكی نوێخواز چ نوێخوازییەك لەرۆژنامە كوردیەكاندا بەدی دەكەی..؟**

- زۆر شت، بەر لەهەموو شتێك، ناكرێ هەمیشە هێڵی راستو چەپ بەسەر كارەكانی خۆماندا بێنین، بەراستی رۆژنامەی جوانمان هەیە، قەڵەمی ئازاو بوێرمان هەیە، ئازادییەكمان هەیە خوا نەیبڕێ بەشی هەموومان دەكا، هەرچەندە تۆزێك كەم خوێیە، بەڵام پیاو دەبێ ئاگای لەزەختو كۆڵسترۆڵو هەلاّمەتیش بێ.

من نوێخوازی لەوەدا دەبینم رۆژنامەنووسێكی لاو زۆر بەئەدەبەوە ،باس لەگەندەڵیی كارەكانی پیاوێكی سیاسی دەكا، یا باس لەدزینی كۆپلە شیعرێك دەكاو زۆر بەموحتەرەمی حەیای پیاوێكی ناماقوڵ، دەبا، یان دەستخۆشی لەبێژەرێ دەكا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا



هێشتا تەقلیدخوازی زۆر زاڵترە بەسەر نوێخوازیدا.. چونكە لەپشت عەقڵی بێ لایەنی زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسانیش وەك سەرجەم چینەكانی تر، عەقڵێكی حزبی یان هەواداریی بۆ حزبو گرووپێك هەر هەیە، چونكە ئەمڕۆ بێلایەنیش جۆرێكە لەسیاسەتو حزبایەتی، هاكا زانیت (پارتی بێلایەنانی كوردستان)یش دامەزرا.

**+ تۆ وەكو شاعیرێك جارجار لەرێگای شیعرەكانتەوە بەسەرهاتو كێشەكانت دەخەیتەڕوو، دەكرێ پێمان بڵێی شیعری (حیجاب)ت بۆ كێ نووسیوە..؟**

- هەست دەكەم زۆرجار شیعر قەزیەیە، رووداوە، یان سووتانو ئاخو ئۆفێكە هەر لەهەڵقرچانی ناوساجی دەچێ.. ئەوە بەرلەوەی لەهەولێر دەربچم، لەساڵی ١٩٩٦ كچێكم خۆشدەویست بڕوا بكە زۆر كراوەو زۆر سادەبوو، دوای ئەم رووداوانەی ئەو چەند ساڵە، ئەوی زۆر گۆڕاوە، كەچوومەوە ئەو كچە هەر مەرحەباشی نەكردم، حیجابێكی لەسەر نابوو ،دەتگوت كچی "حەلیمەتولسەعدیەیە ".. جا شیعری حیجابی رەشم بۆ ئەو شۆخە نووسیوە ، كەكاتی خۆی سێ ساڵ بەعەشقێكی شێت كەری كردبووم.

**+ دەڵێن (شەیداهۆ) بۆ خۆشەویستانی خۆی شیعری زۆر نووسیوە، ئەی بۆ (جوان)ی خێزانت چیت نووسیوە..؟**

- كاكە واز لەم پرسیارە بێنە، ئێستا دوو منداڵم هەیە، موشكیلەم بۆ درووست مەكە، ئەگەر نا بەڵێ جوانترین شیعرم بۆ ئەو نووسیوە.

**+ لەنێو رۆژنامەنووسانو رووناكبیران هەمیشە ململانێ هەیە، جەنابت چ پێگەیەكت لەنێو ئەو ململانێیەدا هەیە..؟**

ـ بەینی خۆمان بێ زۆربەی ململانێکان لەسەر شتی پڕوپووچە، بەشەرەفم تا ئێستا ململانێیەکی شەریفم نەدیوە، جا بەراستی منیش (حاتەمی تەی) نیم، بەڵام هەرچەندی پێم کرابێ، لەهەموو ئەوانەوە خۆم دوور خستووە، تاقەتی شەڕو ململانێم نییە، من هەمیشە ململانێم لەگەڵ سوڵتەو دەسەڵاتدایە، چونکە ئەوان قیاسی پیاو بەپیاوەتی ناکەن، لەوڵاتی ئێمەدا تەنها ماستاوو مەرایی پیاو دەکا بەپیاو، کەرپیاوی وەکو ئێمە چونکە ماستاوچی نین، کەس بەپوولێك نامانکڕێ

**+ چ بەسەرهاتێك لەژیانی تۆدا بیرناچێتەوە؟**

ـ ئەورۆژەی یەکەم دەسگیرانم لەنامەیەکدا تالاقی دام.

ـ ئەورۆژەی (لارا)ی کچم بوو

ـ ئەو رۆژەی شیعری (هەڵەبجە)م لەهەڵەبجە خوێندەوە

**+ تۆ بەردەوام لەسەر کێشەی ژنان دەنووسیو جارجاریش بەناوی کچانەوە دەنووسی.. بۆچی؟**

ـ چونکە ئاگرێك لەناخی قەیرەکچاندایە، نەك بەکوڕەکەی ڕەشەی پۆلیس، بەحەریقی هەموو حیلفی ناتۆش ناکوژێتەوە..

هەر پیاویش قەیرەکچانی خستۆتە ناو دۆزەخی چاوەڕوانیی.

راستە زۆر جار بەناوی کچان شتم نووسیوە، چونکە بەقەد کچەکانی (حاجی ئەکرەم) داخم لەدڵەو حەزدەکەنم ژن ئازاد بێ.. خۆ ئەگەر ئافرەت ئازادبێ، ئێمەش موسیبەتێکی گەورەمان لەکۆڵ دەبێتەوە.. هەرچەندە هێشتا پێم وایە رزگارکردنی ئافرەت زۆر لەزرگارکردنی کەرکوك زەحمەتترە..!



**+ شەیداهۆ لەچ کاتێکدا دەنووسێ، بەرۆژ یا بەشەو..؟**

ـ چما بەرۆژ پیاو لەبەر تەقەتەقی تراکتۆرو قیژەقیژی مەکتەبی ئیبتیدائیو کارەبایە سەموون (تەماتە و پەتاتە فرۆشانی کۆڵان) دەتوانێ دوو وشە بنووسێ، وەڵڵا هەر بەشەو دەنووسم، بەلاش نەیانگووتووە، شەو قەڵای مێردانە..!

**+ خۆزگە بەچ کاتێك لەژیانت دەخوازی..؟**

ـ لەوەتەی بیرش دێ شەوو رۆژم هەروەکو یەك بووە، بیرم نایێ رۆژێکی واخۆشم دیبێو خۆزگەی بۆ بخوازم، تاقە خۆزگەیەکیشم ئەوەیە ، خۆزگە لەدایك نەبوومایە..!

⋆ لە رۆژنامەی نۆژەن بڵاوبووتەوە

## چاپکراوەکانی نووسەر

باوەش : چیرۆکی رۆژنامەنووسی ٢٠٠٦

یاد : نامیلکەی شیعری ١٩٩٨

## بەرهەمی داهاتوو:

– پەیوەندی میدیای هەواڵ ورایگشتی. لێکۆڵینەوەیەکی زانستیە.

– ژنێك تەڕتر لە باران گۆشە نیگایەکی رۆژنامەوانییە



**سۆپاس وخۆشەویستم بۆ:–**

– **ئاری ودیاری لە چاپخانەی بینایی**

– **نووسەرو رۆژنامەنووس محەمەد مێرگەسۆری**

– **ماموستا خەندە کەمال**